سەرۆک بارزانی: «خەبات» هێشتا رۆژنامەیەکی بە ئەزموون و سەنگین و جێی متمانەیە

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5725) یەک شەممە 7ی نیسان 2019 «16» لاپەرە «500» دینار



سەرۆک بارزانی بە بۆنەی یادی شەست ساڵەی بە ئاشکرا دەرچوونی رۆژنامەی خەبات پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی سەرنووسەر و ستافی رۆژنامەی خەبات کرد کە لە مەراسیمی یادکردنەوەی خەبات لە لایەن مەحمود محەمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی و بەرپرسی دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان خوێندرایەوە، لە بەشێکی پەیامەکەیدا سەرۆک بارزانی رایگەیاند: گرنگی رۆژنامەی خەبات هەر لەوەدا نییە کە شەست ساڵە بەسەر هەموو ئاستەنگەکاندا زاڵ بووە و خۆی ڕاگرتووە و دەنگی شۆڕش بووە و سەرچاوەی دەنگوباس بووە، خەبات فێرگەیەکیش بووە بۆ پێگەیاندنی کادیری دڵسۆز و شارەزا و پابەند بە بەها نەتەوەییەکان.

(دەقی پەیامەکە لە ل2 بخوێنەوە)

سەرۆک بارزانی بەشداری کردنەوەی کۆڕبەندی ئابووری جیهانی دەریای مردوو دەکات



لە دووەم ڕۆژی سەردانەکەی سەرۆک بارزانی بۆ شانشینی ئوردن، دوێنێ شەمە 2019/4/6 سەرۆک بارزانی و شاندی یاوەری بەشداربوون لە مەڕاسیمی یەکەم ڕۆژی کردنەوەی کۆڕبەندی ئابووری جیهانی دەریاری مردوو لە هاوینەهەواری عەقەبەی نزیک عەمانی پایتەختی ئوردن، حەڤدەهەمین کۆڕبەندی ئابووری جیهانی لە وڵاتی ئوردن دوێنێ دەستیبەکارەکانی کرد، لە کۆڕبەندەکەدا ژمارەیەکی بەرچاوی سەرۆک و کەسایەتی سیاسی و ئابووریی جیهانی بەشداریان لە یەکەم ڕۆژی کردنەوەی کۆڕبەندی ئابووری جیهانی دەریای مردوو کرد.

جێی باسە ڕۆژی هەینی 5ی4ی2019 لەسەر بانگهێشتی فەرمیی شا عەبدوللا پاشای ئوردن و بە مەبەستی بەشداریکردن لە کۆڕبەندی سالانەی ئابووریی لە بەحر ئەلمەیت سەرۆک مەسعود بارزانی بە یاوەریی شاندێک کە پێکهاتووە لە فازڵ میرانی سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان و فەلاح مستەفا بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی حکوومەتی هەرێم، گەییشتە عەمانی پایتەختی شانشینی ئوردن و لە فڕۆکەخانەی عەمان لە لایەن ئەمیر فەیسەڵ بن حوسەین برای پاشای ئوردن پێشوازی لێ کرا.

سەرۆک بارزانی هەمیشە پاڵپشت و داکۆکیکارێکی سەرەکی بووە لە مافەکانی ئەرمەن و تەواوی پێکهاتەکانی کوردستان

عەلی حوسێن بەرپرسی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی دیموکراتی کوردستان بە یاوەری شاندێک لە ئەندامانی مەکتەب بە نوێنەرایەتی سەرۆک مەسعود بارزانی لە عەنکاوە بەشداری لە کردنەوەی کەنیسەی ئەرمەنییەکان کرد. (زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

«خەبات» یادی 60مین ساڵەی بەئاشکرا دەرچوونی یەکەم ژمارەی کردەوە



ڕۆژی پێنجشەممە لە هۆڵی ڕاگەیاندن - دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، بە ئامادەبوونی بەڕێز فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسی د. بەشیر خەلیل حەداد جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراق و ژمارەیەک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرپرسی لق و مەکتەبەکان و بەرپرس و ئەندامانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی هەولێر و گەرمیان و ژمارەیەک لە فەرماندەکانی هێزی پێشمەرگەو پەرلەمانتارانی کوردستان و عیراق و ژمارەیەکی بەرچاو لە کەسایەتی و ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنووس و نووسەر و میدیاکاران و کادیرانی لق و ناوچەکان و هەڤاڵ و هاوکارانی دێرینی ڕۆژنامەی خەبات، یادی 60مین ساڵوەگەڕی دەرچوونی یەکەم ژمارەی ئاشکرای ڕۆژنامەی خەبات بەهاوکاری ستافی دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن کرایەوە، سەرەتا پێشانگایەک کرایەوە کە 60تابلۆی لەخۆ گرتبوو. (زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)

بە هۆی لافاوەکانی ئێرانەوە

70 کەس بوونەتە قوربانی



سەرۆکی فەرمانگەی باری لەناکاوی ئێران، پیر حوسێن کۆلیوەند ڕایگەیاند، بەهۆی ئەو لافاوانەی لە ئاکامی بارانی بەخوڕ 25 پارێزگای گرتەوە 70 کەس گیانیان لەدەستداوە.کۆلیوەند بە تەلەڤیزیۆنی دەوڵەتی ئێرانی ڕاگەیاندووە، بە هۆی لافاوەوە 23 کەس لە فارس، 14 کەس لە لورستان، 8 کەس لە گوڵستان، پێنج کەس لە مازەندەران، پێنج کەس لە هەمەدان، سێ کەس لە خۆراسانی باکوور، سێ کەس لە کۆهگیلوویە و بۆیرە ئەحمەد و لە هەریەک لە ڕەزەوی خوراسان، سیمنان، خوزستان، کرماشان، ئیلام، قوم، ئەسفەهان، قەزوین و زنجان-یش یەکی یەک کەس گیانیان لەدەست داوە.

لەبارەی دۆخی کەرکووکەوە..


ئەیاد عەلاوی پێشنیازێکی بەغدا دەگەیەنێتە سەرۆک بارزانی

ئەیاد عەلاوی ڕایدەگەیەنێت: بەغدا دەیەوێ لە ڕێگای لێژنەیەکی تایبەتەوە دەست بە جێبەجێکردنی ماددەی 140 بکات و ئەو پێشنیازەشمان گەیاندووەتە دەست سەرۆک بارزانی و ئەویش پێی باش بووە. (زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

تا کۆتایی مانگی نیسان حکوومەتی نوێ پێکدەهێندرێت

هوشیار زێباری، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاندووە، هیوا هەیە تا کۆتایی مانگی چوار پێکهێنانی کابینەی نۆ تەواو ببێت لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان، دەشڵێت: لە دەستپێکدا ئەم پرۆسەی دانوستاندنە جەختمان کردەوە لەوەی دەمانەوێت پێکەوە ئەم حکوومەتە پێکبهێنین و ڕێز لە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنیش بگیرێت. (زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

16هەمین ساڵیادی قوربانیدانی پۆلێک شەهید و بریندارببوونی فەرمانده وەجیە بارزانی



ئەمڕۆ یادی یەکێک لەو داستانانەیە کە پۆلێک پێشمەرگە بە هاوسەنگەریی فەرماندەی لێهاتوو (وەجیە بارزانی) لە پرۆسەی ئازاد کردنی عێراق بوونە قوربانی. لەو ڕۆژەدا لە میحوەری دیبەگە - مەخموور کاتێک پێشمەرگەکانی پارتی و بارزانی بە سەرکردایەتی فەرماندە (وەجیە بارزانی) فەرماندەی لەشکری تایبەتی 1 ئەوکات، خۆی و پێشمەرگەکانی لە هەڵمەتی ڕزگارکردنی بستەبەستی خاکی کوردستان بوون و دوو فڕۆکە ئەمەریکی بەهەڵەی عەسکەری مووشەکێک ئاراستەی هێزی پێشمەرگە دەکەن و لە ئاکامدا 17پێشمەرگەی تێکۆشەر و خەباتگێڕ شەهید دەبن. (زیاتر لە ل9 بخوێنەوە)

بۆ یەکەمجار لە مێژوودا کوردێک بووە ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا

سەرۆک بارزانی بە بۆنەی 39یەمین ساڵیادی جینۆسایدی کوردانی فەیلی پەیامێکی بلاوکردەوە:

ئەو تاوانانەی دەرهەق کوردانی فەیلی ئەنجامدراون دەچنە چوارچێوەی تاوانی دژی مرۆڤایەتی و جینۆسایدە



سەرۆک بارزانی بەبۆنەی 39یەمین ساڵیادی جینۆسایدی کوردانی فەیلی پەیامێکی بلاوکردەوە، لە بەشێکی پەیامەکەیدا رایگەیاند: جینۆسایدی کوردانی فەیلی دەستپێکی هەوڵەکان بۆ توانەوەی گەلەکەمان بوو و یەکێکە لە بریە سارێژنەبووەکانی جەستەی گەلەکەمان و ئەو زوڵم و ناهەقییەی بەرانبەریان کراوە، هەرگیز لە یادمان ناچێت. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

بەڕێزان ئامادەبووانی مەراسیمی 39یەمین ساڵیادی جینۆسایدی کوردی فەیلی

سڵاوێکی گەرم..

دەستخۆشیتان لێ دەکەم بۆ ڕێکخستنی ئەو مەراسیمە و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم.

گەلی کوردستان بە هەموو پێکهاتەکانییەوە مێژوویەکی پڕ ئازاری هەیە. جینۆسایدی کوردی فەیلی، دەستپێکی هەوڵەکان بۆ تواندنەوەی گەلەکەمان بوو و یەکێکە لە بریە سارێژنەبووەکانی جەستەی گەلەکەمان و ئەو زوڵم و ناهەقییەی بەرانبەریان کراوە، هەرگیز لە یادمان ناچێت.

سەرەڕای هەموو ئەو تاوانە نامرۆڤانەی بەرانبەر گەلەکەمان کراون، بەڵام گەلی ئێمە هەرگیز خۆی بەدەستەوە نەداوە و بەردەوام بەرەنگاری زوڵم و زۆر بووینەتەوە. مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان شایەتی ئەوەیە کە کوردی فەیلی، لە قۆناغە جیاجیاکانی ئەو خەباتەدا لە هەموو ئاستەکاندا بەشداریی کاریگەریان هەبووە و لە ڕێگای ئازادیی و بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی گەلەکەمان و بەشداریکردن و پاڵپشتیکردنی شۆڕشەکانی گەلەکەمان، هەزاران شەهیدیان پێشکەشی نیشتمانەکەیان کردووە.

سەرەڕای ئەوەی کە بەپێی زۆربەی یاسا و ڕێککەوتننامەکانی نێودەوڵەتی و مافە نێودەوڵەتییەکان، ئەو تاوانانەی کە دەرهەق کوردی فەیلی ئەنجام دراون، دەچنە چوارچێوەی تاوانی دژی مرۆڤایەتی و جینۆساید و، ئەگەرچی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق، کردەوەی دژە مرۆڤایەتیی و دڕندانەی ڕژێمی بەعسی لە بەرانبەر کوردی فەیلی بە ڕەسمی بە جینۆساید ناساندووە، بەڵام بەداخەوە، تا ئەم ساتەیش ئاسەواری ئەو تاوانانە ماوە و ئەو فەرهەنگەی تاوانەکانیشی ئەنجام داوە، هێشتا هەر زاڵە.

پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و حکوومەتی عێراق هەنگاوی جیددی بنێن بۆ قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووانی جینۆساید و تاوانەکانی تر، کە دەرهەق بە گەلەکەمان کراون، ئەو تاوانانەی دەرهەق بە کوردی فەیلی و بەشەکانی دیکەی گەلەکەمان ئەنجام دراون، بەڵگەی زیندوون بۆ ڕەوایی ماف و داخوازیمان و نابێ ئەو هەموو قوربانیدانە بێ ئەنجام بێت.

جارێکی دیکە هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم و هەمیشە سەرفراز بن.

مسعود بارزانی
4ی4ی2019

بەغدا دەیەوێت لە ڕێگەی لیژنەیەکەوە دەست بە جێبەجێکردنی ماددەی 140 بکات

لەبارەی دۆخی کەرکووکەوە ئەیاد عەلاوی پێشنیازێکی بەغدا دەگەیەنێتە سەرۆک بارزانی



بەغدا پێشنیازێکی نوێ لە پێناو جێبەجێکردنی ماددەی 140 دەداتە کورد و کوردیش بە مەرج پێشوازی لێ دەکات.

بەگوێرەی کوردستان 24 ئەیاد عەلاوی ڕایگەیاندووە: بەغدا دەیەوێ لە ڕێگای لیژنەیەکی تایبەتەوە دەست بە جێبەجێکردنی ماددەی 140 بکات و ئەو پێشنیازەشمان گەیاندووەتە دەست سەرۆک بارزانی و ئەویش پێی باش بووە. گوتیشی: ناوچەکە نائارامە و گەر کێشەکان بەردەوام بێت ئەوا تیرۆر بەهێزتر لە جاران دەردەکەوێتەوە. هاوکات نەجمەدین کەریم لەبارەی پێشنیازەکەی بەغدا ڕایگەیاندووە، پێویستە بەر لە جێبەجێکردنی پێشنیازەکەی بەغدا، مەرجی کورد بهێندرێتە دی کە ئەویش ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووکە.

لە دوای 2003ەوە زنجیرەی گفتوگۆکانی هەولێر و بەغدا لە سەر کەرکووک جگە لە کۆمەڵێک نووسراوی سەر کاغەز هیچ دەستکەوتێکی ئەوتۆی نەداوە بەدەستەوە، سەرەتا بە ماددەی 58ی یاسای بەڕێوبردنی دەوڵەت و دواتریش لە ماددەی 140دا ڕەنگیدایەوە، بەڵام ئەنجامەکان هەر یەکێک و ناکام بوون.

ئەو لایەنانەی بەشدار نابن لە حکوومەتدا دەتوانن ببنە ئۆپۆزسیۆنێکی ئەرێنی

هۆشیار زێباری: گەشبینین بەوەی تا کۆتایی مانگی چوار حکوومەتی نوێ پێکبهێندرێت



هۆشیار زێباری، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاندووە، هیوا هەیە تا کۆتایی مانگی چوار پێکهێنانی کابینەی نۆ تەواو بێت لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان، دەشڵێت: لە دەستپێکدا ئەم پرۆسەی دانوستاندنە جەختمان کردەوە لەوەی دەمانەوێت پێکەوە ئەم حکوومەتە پێکبهێنین و ڕێز لە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنیش بگیرێت.

هۆشیار زێباری، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ دەنگی ئەمەریکا سەبارەت بە پێکهێنانی حکوومەت، ڕایگەیاندووە: بەڕاستی پرۆسەکە زۆری خایاند، بەڵام لە ئەنجامدا بە هاوکاری هەردوو لایەن پارتی و یەکێتی لەگەڵ پشوودرێژییەکی زۆری پارتیدا گەیشتوونەتە ڕێککەوتن لەگەڵ برادەرانی یەکێتی و لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان و پرۆسەکەش لە ڕێگەی پەرلەمانەوە دەستپێدەکات، هەروەها زێباری دەشڵێت: گەشبینین بەوەی تا کۆتایی مانگی چوار حکوومەتی نوێ پێکبهێندرێت.

هەروەها دەشڵێت: گەشبینین بەوەی ڕەوشەکە لە هەموو ڕوویەکەوە بەرەو باشتر دەڕوات لە هەرێمی کوردستان، لەو ڕوانگەیەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا و هەرێم و وڵاتانی دەوروبەر، مووچەی خەڵک و نەمانی پاشەکەوت، بودجە دێت و ڕەوشی ئاسایشی باشە، جموجۆڵێکی باشتری ئابووری هەیە.

هۆشیار زێباری ڕایگەیاند، ئەگەر حکوومەتی عێراق بەرنامەی هەبێت بۆ ئەوەی ڕێگە بە هێرشەکانی داعش نەدات و ئەگەر هێزەکانی پێشمەرگە بەشداری ئەو هێرشانە بکەن، لە هەموو شتێکدا ئەرێنی نەبن و هەر بگوترێت خراپە، ئەگەر حکوومەت شتێکی باشی کرد، ئەوا لەگەڵی بن، بەو مانایەی هەتا هەتایە نەرێنی نەبن وەک هەندێک لایەن دەیکەن.

بە نوێنەرایەتی سەرۆک بارزانی
عەلی حوسێن بەشداری لە کردنەوەی کەنیسەی ئەرمەنییەکان لە عەنکاوە کرد

سەرۆک بارزانی هەمیشە پاڵپشت و داکۆکیکارێکی سەرەکی بووە لە مافەکانی ئەرمەن و تەواوی پێکهاتەکانی کوردستان

مەترانی ئەرمەنەکان: پاڵپشتی سەرۆک بارزانی بۆ ئەرمەنەکان جێگەی بایەخە



عەلی حوسێن بەرپرسی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی دیموکراتی کوردستان بە یاوەری شاندێک لە ئەندامانی مەکتەب بە نوێنەرایەتی سەرۆک مەسعود بارزانی لە عەنکاوە بەشداری لە کردنەوەی کەنیسەی ئەرمەنییەکان کرد.

لە لایەن مەترانی (ئافاک ئەسادۆریان) سەرۆکی تائیفەی ئەرمەن ئەرسەدۆکس لە عێراق و کوردستان و کەسایەتی و پیاوانی ئایینی تائیفەی ئەرمەن پێشوازی کرا. تێدا سەفیری ئەرمینیا و خەڵکێکی زۆری ئەرمەنییەکانی کوردستان و ناچەکانی تری عێراق ئامادەبوون. عەلی حسێن پەیامی پیرۆزبایی سەرکەوتن و بڕایەتی پێکەوەژیانی سەرۆک بارزانی پێگەیاندن و تەئکیدی کردەوە کە هەرێمی کوردستان و حکوومەتی هەرێم هەمیشە لەگەل بڕایەتی و پێکەوەژیان و پاراستنی ئەم کەش و هەوا ئازادی و خۆشەویستییەی نێوان پێکهاتەکانی کوردستان دەبێت و هەمیشە هەوڵی داوە و پەرەی پێدەدات و دەیپارێزێت، هەروەها تەئکیدی کردەوە سەرۆک بارزانی هەمیشە پاڵپشت و داکۆکیکارێکی سەرەکی بووە بۆ مافەکانی ئەرمەن و تەواوی پێکهاتەکانی کوردستان و لەمبارەیەوەش پاڵپشتی کردوون لە چەسپاندنی مافەکانیان لە دەستووری عێراقدا، لە بەرانبەردا مەترانی ئەرمەنەکان بە ناوی تائیفەی ئەرمەن ستایشی سەرۆک بارزانی کرد و تەئکیدی کردەوە پەیوەندی میژوویی ئێمە وەکو ئەرمەن دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بارزانیی نەمر و گەورەی ئێمە لە ئەرمەنەکان، ئێمەش دەمانەوێت ئەو پەیوەندییانە بەردەوام بن لەگەل جەنابی سەرۆک بارزانی و پاڵپشتی ئەویش بۆ ئێمە جێگای بایەخە، هەروەها سوپاسی سەرۆک وەزیرانی حکوومەتی کوردستان کاک نێچیرڤان بارزانی کرد بۆ تەرخانکردنی زەوی و دروستکرنی کەنیسە لەسەر ئەرکی حکوومەت، تەئکیدی کردەوە کوردستان جێگای شانازییە بۆ ئێمەی ئەرمەن و تەواوی پێکهاتەکان و ئامانجمانە ئەم پێکەوەژیانە لە کوردستان بەرقەرارببێت و هەموومان لەژێر سێبەری حکوومەت و ئەم برایەتییە پێکەوە بژین و ئاسوودە بین.

وەحیدە یاقوو: لە عێراق سیاسەتی کۆتاییهێنان بە کریستیانەکان پەیڕەو دەکرێت

ئائید میرۆ: بەهۆی نەبوونی گەرەنتیی دووبارەنەبوونەوەی کارەساتەکانی ڕابردوو هێشتا کریستیانەکان ئامادەی گەڕانەوە نین بۆ ناوچەکانی باشوور و ناوەڕاست. نوێنەرێکی کریستیانەکانیش دەڵێ، لە عێراق سیاسەتێک بۆ نەهێشتنی کریستیانەکان پەیڕەو دەکرێت. وەحیدە یاقوو، پەرلەمانتاری پێشووی کریستیان لە پەرلەمانی کوردستان بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاند: حکوومەتی عێراق بەر لە شەڕی داعش و دوای شەڕی داعشیش هیچ خزمەتێکی ئەوتۆی پێشکەش بە ناوچەکانی کریستیان نەکردووە، ئەوەش وای کردوە تا ئێستا ژمارەیەکی زۆری ئاوارەی کریستیان ئامادە نین بگەڕێنەوە دەشتی نەینەوا. یاقوو دەشڵێت: مخابن بەهۆی بێ هیوابوونیان ژمارەیەکی بەرچاوی کریستیان سەریان بەرەو ئەورووپا هەڵگرت و کۆچیان کرد، نەبوونی هاوکاریی حکوومەتی فیدراڵ هۆکاری سەرەکیی ئاوەدانەنەکردنەوەی دەشتی نەینەوایە. ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: بەداخەوە هەوڵێکی زۆر لە عێراق دەدرێت بۆ لەنێوبردنی کریستیانەکان و دوای ئەوەی لە ساڵانی ڕابردوو ژمارەیەکی زۆر کۆڕان و شاربەدەر کران، ژمارەی کریستیانەکان بەرەونەمان دەچێت، چونکە ژمارەیەکی زۆری کریستیان لە بەغدا هەبوون هەموویان لەدەست تیرۆر و شەڕی مەزهەبی ڕایان کردووە بۆ هەرێمی کوردستان و وڵاتانی بیانی. یاقوو ڕوونیشی کردەوە: لەبری پاراستنیان، لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی فیدراڵدا تونددوتیژییەکی لە ڕادەبەدەر بەرانبەر هاووڵاتیانی کریستیان دەکرێت و خەریکە کۆتایی بە کریستیانەکانی عێراق دێنن.

سەرۆک بارزانی: خەبات هێشتا رۆژنامەیەکی بە ئەزموون و سەنگین و جێی متمانەیە

خەبات فێرگەیەکیش بووە بۆ پێگەیاندنی کادیری دڵسۆز و پابەند بە بەها نەتەوەییەکان

سەرۆک بارزانی بە بۆنەی یادی شەست ساڵەی بە ئاشکرا دەرچوونی رۆژنامەی خەبات پەیامێکی پیرۆزبایی ئاڕاستەی سەرنووسەر و ستافی رۆژنامەی خەبات کرد کە لە مەراسیمی یادکردنەوەی خەبات لە لایەن مەحمود محەمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی و بەرپرسی دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان خوێندرایەوە، لە بەشێکی پەیامەکەیدا سەرۆک بارزانی رایگەیاند: گرنگی رۆژنامەی خەبات هەر لەوەدا نییە کە شەست ساڵە بەسەر هەموو ئاستەنگەکاندا زاڵ بووە و خۆی ڕاگرتووە و دەنگی شۆڕش بووە و سەرچاوەی دەنگوباس بووە، خەبات فێرگەیەکیش بووە بۆ پێگەیاندنی کادیری دڵسۆز و شارەزا و پابەند بە بەها نەتەوەییەکان. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:



بەناوی خوای گەورە و میهرەبان..
خۆشک برایانی خۆشەویست..
ئامادەبوانی بەڕێز

بە بۆنەی تێپەڕبوونی 60 ساڵ بەسەر ئاشکرا دەرچوونی رۆژنامەی (خەبات)، پڕ بەدڵ پیرۆزبایی لە ئێوەی بەڕێز و سەرنووسەر و تەواوی ستافی (خەبات) و هەموو ئەو قەڵەمە سەربەرزانە دەکەم کە بەشداربیان لە بەرەو پێشچوونی ئەو رۆژنامە ئازیزەدا کردووە.

هەروەک پێشتریش لە یادی پەنجا ساڵەی رۆژنامەی خەبات دا گوتوومە، ئەمە تەنها یادکردنەوەی دامەزراندنی رۆژنامەیەک نییە، ئەمە یادکردنەوەی خەباتی نەتەوەیەکە، یادکرنەوەی ڕۆژانێکی سەخت و تاڵ و ناخۆش و رۆژانێکی پڕ لەسەروەربیە.

خەبات، بە تەمەنترین رۆژنامەی کوردییە کە تا ئێستا بەردەوامە و بووەتە بەشێکی گرنگ و کاریگەر لە بزاڤی رزگاریخوازیی گەلەکەمان. ئەو رۆژنامەیە، لە سەرەتاکانی کارکردنیدا و قۆناغەکانی دواتریش بەهۆی رۆڵی نەتەوەیی و کاریگەری خۆی، ترسێکی زۆر خستبووە دڵی دوژمنانی گەلەکەمان و بەردەوام هەوڵی کپکردنی ئەو دەنگەیان دەدا. بەڵام هەڵسوڕێنەرانی رۆژنامەکە، بە تیپەڕاندنی چەندین قۆناغی سەخت و دژوار، پێشمەرگەئاسا، بەرگرییان کرد و رۆژنامەکەیان پاراستووە و خۆشبەختانە ئەمڕۆ یادی شەست ساڵەی بەئاشکرا دەرچوونی دەکەینەوە.

گرنگیی رۆژنامەی خەبات هەر لەوەدا نییە کە شەست ساڵە بەسەر هەموو ئاستەنگەکاندا زاڵ بووە و خۆی ڕاگرتووە و دەنگی شۆڕش بووە و سەرچاوەی دەنگوباس بووە، خەبات، فێرگەیەکیش بووە بۆ پێگەیاندنی کادیری دڵسۆز و شارەزا و پابەند بە بەها نەتەوەییەکان.

هەر بۆیە دەبینین کە وێڕای ئەوەی ئێستا خۆشبەختانە کەناڵ و دەزگای زۆری ڕاگەیاندن هەن و ژمارەیەکی زۆر ڕۆژنامە بڵاو دەکرێنەوە، بەڵام خەبات هێشتا سەرقافڵەی خەباتی پەرەپێدانی هوشیاری و بەرگرییکردنە لە مافە ڕەواکانی گەلەکەمان و وەک رۆژنامەیەکی بە ئەزموون و سەنگین و جێی متمانە، پێگەی تایبەتی خۆی ماوە و وەک دروشمەکەی سەر ڕۆژنامەکەش دەڵێ: تا ژیان بەردەوام بێت، خەبات بەردەوامە.


من لەم بۆنەیەدا وێڕای ئەوەی پیرۆزبایی لە یەک بە یەکی ستافی (خەبات) دەکەم، تەئکیدیش دەکەمەوە کە ئێوە پێشمەرگەی ڕاگەیاندن و داواتان لێ دەکەم وەک هەمیشە دەنگی گەلەکەتان بن، وەک چۆن تا ئێستا سەرقافڵەی بەرگریکردن لە مافەکانی گەلی کوردستان، پشتیوانی بزاڤی ڕزگاریخوازیی گەلەکەمان، پەیڕەوکردنی ئاکاری پیشەیی، داکۆکیکردن لە مافی هاوواڵتیان، پەرەپێدانی گیانی لێبووردەیی و پێکەوەژیانی برایانەی هەموو چین و توێژکانی گەلەکەمان بوون، هەروا بەردەوام بن و وەک هەمیشە شانازییتان پێوە دەکەین.

هەر بژین و شاد و سەرکەوتوو بن.

مسعود بارزانی
4ی4ی2019

مەسرور بارزانی پێشوازیی لە گەورە ڕاوێژکاری وەزارەتی بەرگری بەریتانیا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شاندی یاوەری دەکات

مەسرور بارزانی ڕۆڵی حکوومەت و ڕاوێژکارانی بەریتانیای لە ڕاهێنان و ڕێکخستنەوەی پێشمەرگە بەرز دەنرخێنێت



ڕۆژی پێنجشەممە 2019/4/4 مەسرور بارزانی ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان پێشوازیی لە جەنەڕاڵ سێر جۆن لۆریمەر گەورە ڕاوێژکاری وەزارەتی بەرگری بەریتانیا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شاندی یاوەری دەکات.

لەم دیدارەدا، کە بە ئامادەبوونی جۆن ویلکس بالیۆزی بەریتانیا لە عێراق بەڕێوەچوو، دوا پێشهاتەکانی ناوچەکە و پالپشتییەکانی بەریتانیا بۆ هێزەکانی پێشمەرگە تاوتوێکران.

مەسرور بارزانی، ڕۆڵی حکوومەت و ڕاوێژکارانی سەربازی بەریتانیای لە ڕاهێنان و مەشقکردن و ڕێکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە بەرزنرخاند و کارکردنی جدی بۆ چارەسەرکردنی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی تیرۆر و تووندوتیژی لە ناوچەکە بەپێویست زانی.

لە بەرانبەردا گەورە ڕاوێژکاری وەزارەتی بەرگری بەریتانیا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دووپاتی لەوە کردەوە، کە ولاتەکەی لە چوارچێوەی هاوپەیمانی جیهانی لە هاوکاری و مەشق و پالپشتیکردنی هێزەکانی پێشمەرگە و عێراق بەردەوام دەبێت تا سەرکەوتنی کۆتایی بەسەر تیرۆریستانەوە، هەروەها ئاماژەی بە بایەخی هەماهەنگی نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و عێراق لەو ناوچانە کرد، کە جموجۆڵەکانی داعش لە پەرەسەندن دان.

لە بەشێکی دیکەی ئەو دیدارەدا تیشکخرایە سەر ئەو ستەمانەی بەدرێژایی مێژوو لە هەردوو گەلی کوردستان و عێراق کراو و ئاماژە بە پەیوەندی و دۆستایەتی مێژوویی نێوان هەردوو گەل درا.

لە بەرانبەردا بالیۆزی ئەمریکا لە عێراق، ئاواتی سەرکەوتنی بۆ مەسرور بارزانی لە سەرۆکایەتیکردنی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان خواست و ئامادەیی ولاتەکەشی بۆ پێشخستنی پەیوەندییەکان لە هەموو ئاستەکاندا لەگەڵ هەرێمی کوردستان و هاوکاریکردنی کابینەی نوێ دەربڕی و ڕایگەیاند، ئەمریکا بە بایەخەوە دەڕوانێتە پێگەی هەرێمی کوردستان لە ناوچەکەدا.

مەسرور بارزانی پێشوازیی لە بالیۆزی ئەمریکا لە عێراق دەکات

مەسرور بارزانی پەرەپێدانی پەیوەندیی ئابووری و فەرهەنگی نێوان هەرێم و ئەمریکا بە گرنگ دەزانێت

بالیۆزی ئەمریکا: ئەمریکا بە بایەخەوە دەڕوانێتە پێگەی هەرێمی کوردستان لە ناوچەکەدا



ڕۆژی پێنجشەممە 2019/4/4 مەسرور بارزانی ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان پێشوازیی لە هراچیا پۆلادیان بالیۆزی ئەمریکا لە عێراق کرد.

لە دیدارەکەدا پێشهات و پەرەسەندنەکانی ناوچەکە و پەرەپێدانی پەیوندی دووقۆڵی نێوان کۆماری ئەمریکا و هەرێمی کوردستان لە گشت بوارەکان خرایە بەرباس. مەسرور بارزانی پەرەپێدانی پەیوەندیی ئابووری و فەرهەنگی بەوشێوەیەی خزمەت بە بەرژەوەندی هەردوولا بکات بە گرنگ دانا.

لە بەشێکی دیکەی ئەو دیدارەدا تیشکخرایە سەر ئەو ستەمانەی بەدرێژایی مێژوو لە هەردوو گەلی کوردستان و عێراق کراو و ئاماژە بە پەیوەندی و دۆستایەتی مێژوویی نێوان هەردوو گەل درا.

لە بەرانبەردا بالیۆزی ئەمریکا لە عێراق، ئاواتی سەرکەوتنی بۆ مەسرور بارزانی لە سەرۆکایەتیکردنی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان خواست و ئامادەیی ولاتەکەشی بۆ پێشخستنی پەیوەندییەکان لە هەموو ئاستەکاندا لەگەڵ هەرێمی کوردستان و هاوکاریکردنی کابینەی نوێ دەربڕی و ڕایگەیاند، ئەمریکا بە بایەخەوە دەڕوانێتە پێگەی هەرێمی کوردستان لە ناوچەکەدا.

سەرۆکایەتیی پەرلەمان لەگەڵ بالیۆزی ئەرمینیا لە عێراق کۆبوونەوە

د.ڤالا فەرید: ئەرمەنییەکان و کورد مێژوویەکی هاوبەشی پڕ ئازاریان هەیە



دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان، بەئامادەبوونی فاهیک کەمال سێرانیان، پەرلەمانتاری ئەرمەنی لە پەرلەمانی کوردستان، پێشوازییان لە بالیۆزی ئەرمینیا لە عێراق، هراچیا پۆلادیان، کرد کە بەمەبەستی بینینی کلێسەیەکی نوێ لە عەنکاوە سەردانی کوردستانی کردووە.ڕۆژی پێنجشەممە 4ی نیسانی 2019 سەرۆکی پەرلەمان د.ڤالا فەرید ئیبراهیم و جێگری سەرۆکی پەرلەمان، هێمن هەورامی و سکرتێری پەرلەمان مونا قەهوەچی، لە تەلاری پەرلەمان پێشوازییان لە هراچیا پۆلادیان، بالیۆزی ئەرمینیا لە عێراق، کردو لە دیدارێکدا سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، وێڕای دەستخۆشیکردن لێی بۆ ئەنجامدانی ئەو کارەی، باسی لە پەیوندیی نێوان کوردو ئەرمەنییەکان کردو رایگەیاند: ئەرمەنییەکان و کورد مێژوویەکی هاوبەشی پڕ ئازاریان هەیە، هەر بۆیە خەڵکی کوردستان هاوخەمییەکی زۆریان بۆ ئەرمەنییەکان هەیە.

هەر لەدیدارەکەدا د.ڤالا فەرید، کورتەیەکی سەبارەت بە پەرلەمان و پێکهاتەکەی باسکردو رایگەیاند: 11 کورسیی لە کۆی 111 کورسیی پەرلەمان بۆ کەمە نەتەوەو کەمە ئایینییەکان تەرخان کراوە، لەم ژمارەیەش یەک کورسی بۆ ئەرمەنییەکانە و لە دواین هەڵبژاردنیشدا، سێرانیان ئەم کورسییەی بردەوە.لەلایەن خۆشییەوە، بالیۆزی ئەرمینیا لە عێراق، ستایشی هەرێمی کورستانی کرد بۆ ئەو پشتیوانیکردنەی بۆ دروستکردنی کلێسای مەسیحییەکان و دالدەدانی ئاوارەو پەنابەرانی شەڕی دژی داعش لە عێراق و سووریا.

هەر لە دیدارەکەدا هێمن هەورامی، جێگری سەرۆکی پەرلەمان و بالیۆز پۆلادیان، هیوای ئەوەیان خواست پەرلەمانی ئەرمینیاو پەرلەمانی کوردستان پێکەوە کار بکەن بەمەبەستی پتەوکردنی بنەماکانی دۆستایەتی و لەوبارەیەوە بالیۆز گوتی: ئەرمەنییەکان پێیان خۆشە پڕۆگرامی ئالوگۆڕکردنی ستافی ئەکادیمی و قوتابی دابمەزرێنن و هەروەها بەرنامەکانی تەلەڤزیۆن و ڕادیۆی ئەرمینیا لە کوردستان بێتە وەشاندن، ئەو گوتی: ئەرمینیا لە پلانیدایە کونسولخانەی خۆی لەهەولێر تا سەرەتای ساڵی داهاتوو بکاتەوە.

هەر لە دیدارەکەدا مونا قەهوەچی، سکرتێری پەرلەمان، رایگەیاند: مافی تورکمان و مەسیحییەکانی کوردستان لەیاساکانی هەرێمی کوردستاندا پارێزراوە و هیوای ئەوەی خواست ئەم مافانە لە دەستووری داهاتووی کوردستاندا بەهێزتر بکرێن.

ڕۆژنامەی خەبات یادی 60ەمین ساڵەی بەئاشکرا دەرچوونی یەکەم ژمارەی کردەوە

سەرۆک بارزانی: خەبات هێشتا سەرقافڵەی خەباتی پەرەپێدانی هوشیاری و بەرگرییکردنە لە مافە ڕەواکانی گەلەکەمان

نێچیرڤان بارزانی: خەبات خاوەنی میژوویەکی پڕ لە سەرهەڵدان و ناوێکی گەورە و دیاری نێو بزاڤی ڕۆژنامەگەری کوردستانە



خەبات – سەردار حوسێن:

ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی 2019/4/4 لە هۆڵی ڕاگەیاندن – دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دێموکراتی کوردستان، بە ئامادەبوونی بەڕێز فازل میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسی د. بەشیر خەلیل حەداد جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و ژمارەیەک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی دێموکراتی کوردستان و بەرپرسی لق و مەکتەبەکان و بەرپرس و ئەندامانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی هەولێر و گەرمیان و ژمارەیەک لە فەرماندەکانی هێزی پێشمەرگە و پەرلەمانتارانی کوردستان و عێراق و ژمارەیەکی بەرچاو لە کەسایەتی و ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنووس و نووسەر و میدیاکاران و کادیرانی لق و ناوچەکان و هەڤاڵ و هاوکارانی دێرینی ڕۆژنامەی خەبات، یادی 60ەمین ساڵوەگەڕی دەرچوونی یەکەم ژمارەی ئاشکرای ڕۆژنامەی خەبات بەهاوکاری ستافی دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن کرایەوە، سەرەتا پێشانگایەک کرایەوە کە 60تابلۆی لەخۆ گرتبوو.

سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە دەقیقەیەک وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان و لەسەرووی هەموویانەوە بارزانیی نەمر و کاکە ئیدریسی هەمیشە لەیاد، بەدەم وتنەوەی سروودی ئەی ڕەقیب ڕێوڕەسمی یادکردنەوەکە بەڕێوەچوو.

سەلام عەبدوڵڵا سەرنووسەری ڕۆژنامەی خەبات بەناوی دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەی خەباتەوە بەخێرهاتنی میوانانی کرد، دواتر وتارێکی خوێندەوە، تیایدا ئاماژە بە گرنگی و ئەرکی سەرەکی ڕۆژنامەی خەبات لە ڕەوتی ڕۆژنامەگەری کوردی دراو لە بەشێکی وتارەکەدا هات بوو: هەر وەک خەبات لە بواری گەیاندنی هەواڵ و ڕووداوەکاندا تا دڵنیا نەبووبێت لە ڕاست و دروستی سەرچاوەی هەواڵ و وردەکارییەکەی بڵاوی نەکردۆتەوە و هەر ئەمەش وای لە ڕۆژنامەکە کردووە کە جێی متمانەی تێکڕای خەڵک و خوێنەرانی بێت و سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی دانیشتوانی کوردستان و تەنانەت دەوروبەریش بێت کە ئەمەش یەکێکە لەو خوسڵەتە بایەخدارانەی لەم شەست ساڵەدا لەسەری بەدەوام بووە و پەیڕەوی کردووە و هەر لەسەرەتای دەڕوات.

خەبات و ئەرشیفەکەی سەرچاوەیەکی گەلێک گرنگ و بایەخدار و جێی متمانەیە بۆ هەر توێژەر و لێکۆڵەر و نووسەر و قوتابیەک کە سەبارەت بە میژوو و خەباتی گەلەکەمان لە ئازادی و دێموکراتی و بەدیهێنانی داوا ڕەواکانی لەم پەنجا ساڵەی دواییدا کاری لەسەر بکات، ئەوا لاپەڕەکانی خەبات باشترین و ڕاستگۆترین سەرچاوەیە، کە پشتی بەدڵنیاییەوە پێ بووە بۆ پێگەیاندنی کادیری دڵسۆز و شارەزا و پابەند بە بەها نەتەوەییەکان. هەر بۆیە دەبینین کە وێڕای ئەوەی ئێستا خۆشبەختانە کەناڵ و دەزگای زۆری ڕاگەیاندن هەن و ژمارەیەکی زۆر ڕۆژنامە بڵاو دەکرێنەوە، بەڵام خەبات هێشتا سەرقافڵەی خەباتی پەرەپێدانی هوشیاری و بەرگرییکردنە لە مافە ڕەواکانی گەلەکەمان و وەک ڕۆژنامەیەکی بە ئەزموون و سەنگین و جێی متمانە، پێگەی تایبەتی خۆی ماوە و وەک دروشمەکەی سەر ڕۆژنامەکەش دەڵێ: "تا ژیان بەردەوام بێت، خەبات بەردەوامە".

دواتر دەقی بڕووسکەی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی جێگری سەرۆکی پارتی دێموکراتی کوردستان خوێندرایەوە کە بە بۆنەی 60ەمین ساڵوەگەڕی بەئاشکرا دەرچوونی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی خەبات ئاراستەی سەرنووسەر و ڕۆژنامەنووس و کارمەندانی خەباتی کردبوو و لە بەشێکیدا هاتووە: بەبۆنەی 60ەمین ساڵیادی دامەزراندنی ڕۆژنامەی (خەبات)ی ئازیزەوە گەرمترین پیرۆزباییتان ئاراستە دەکەم و ئومێدی و بەردەوامی و سەرکەوتنی یزیاتر تان بۆ دەخوازم. کارو تێکۆشانتان بەوپەڕی هەستی بەرپرسیاریەتییەوە بۆ گەیاندنی پەیامی ئاشتیخوازانەی پارتی و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و بەهێزکردنی بنەماکانی کولتووری لێبووردەیی و پێکەوەژیان لە پێناو ئاشتی کۆمەڵایەتی و سەقامگیریی سیاسی و پێشکەوتنی گەل و نیشتیمان، مایەی ستایش و پێزانینە. خەبات خاوەنی میژوویەکی پڕ لە سەرهەڵدان و ناوێکی گەورە و دیاری نێو بزاڤی ڕۆژنامەگەری کوردستان و بزاڤی ڕزگاریخوازی کەلی کوردستانە، دەیان ساڵە لەسەنگەری داکۆکیکردن لە مافە ڕەواکانی گەلەکەماندا تێدەکۆشی و قوتابخانەی پێگەیاندنی چەندین کادیری لێهاتوو و بەتوانای ڕاگەیاندن و بڵندگۆی هەمو دەنگێکی ئازادیخواز، ئاشتیخواز و پێشکەوتنخواز بووە لە کوردستان.

دواتر فیلمێکی دیکیومێنتاری 25 دەقیقەیی نمایشکرا کە تیایدا باس لە قۆناغی نەهێنی دەرچوونی ڕۆژنامەی خەبات لە سەردەمی پاشایەتی و دواتریش قۆناغی بە ئاشکرا دەرچوونی لە 1959/4/4 تا بە سەردەمی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و گوڵان و قۆناغی دوای ڕاپەڕین و دروستبوونی پەرلەمان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرا کە لە لایەن دەزگای سەتەلایتی کوردستانەوە ئامادەکرا بوو.

هەر لە فیلمە دیکیۆمێنتارییە ژمارەیەک لە سەرنووسەرانی پێشووی ڕۆژنامەی خەبات و برایەتی کە لە ژیاندا ماون قسەی خۆیان کردووە و ئاماژەیان بە قۆناغەکانی خۆیان داوە، هاوکات لە فیلمەکەدا قۆناغی ئێستای ڕۆژنامەی خەبات نیشانی ئامادەبوان درا و لە هەمو ئەوانەیشدا هەنگاوەکانی دەرچوونی ڕۆژنامە لە دارتنەوەی هەواڵ و ڕاپۆرت و دیمانە و بەدواداچوون تا بە دیزاین و نەخشەسازی و دواییێ قۆناغیش چۆنیەتی چاپکردنی نمایشکران و بووە جێگەی ڕەزامەندی و سەرنجی ئامادەبوان.

لە دواییێ بڕگەی ڕێوڕەسمەکەشدا چەند ژمارەیەکی کتێبێکی دیکیۆمێنتاری296 لاپەڕەیی بە ناونیشانی (خەبات.. تۆماری خەباتی نەتەوەیەک) بەسەر میوانەکاندا دابەشکرا، کە بەم بۆنەیەوە لەلایەن شکار عەفان نەقشبەندی بەڕێوبەری هونەری ڕۆژنامەی خەبات و ستافی هونەری ڕۆژنامەکە ئامادەکرابوو، کتێبەکەش یەکێکە لەو زنجیرە بڵاوکراوانەی ڕۆژنامەی خەبات بەپێی توانا بڵاوی کردوونەتەوەو بریتی بوو لە دەقی ئەو بڕووسکە و پیرۆزباییانەی جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی و کەسایەتی و ڕۆشنبیران ئاراستەی خەباتیان کردووە، هاوکات بەشێکیش بوو لە گێڕانەوەی هەمو ئەو سەردەمانەی ڕۆژنامەی خەبات و برایەتی جاران بەخۆیەوە بینیوە و وێنە و لاپەڕەی یەکەمی ئەو ژمارانەشی لەخۆگرت بوو کە بە گرنگ و پێویست زانرابوون.

وتاری سەرنووسەر لە یادی 60 ساڵەی خەبات

سەلام عەبدوڵڵا: لاپەڕەکانی خەبات باشترین و ڕاستگۆترین سەرچاوەیە، کە پشتی پێ ببەسترێت



شەست ساڵ لەمەوبەر، لە (4نیسانی 1959) کە بووە ڕۆژێکی پڕشنگدار لە میژووی ڕۆژنامەگەری کوردیدا یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی خەبات کەوتە بەر دیدی خوێنەران لەو ڕۆژەوە تاوەکو ئەمڕۆ بە بەردەوامی لە شار و لە شاخ و لە گەرمەی شەڕ و کەشی هێمن و ئاشتیدا نەک تەنها وەکو زمانحاڵی پارتی دێموکراتی کوردستان بەڵکو وەک زمانحاڵی گەلەکەمان لە پێناو بەدیهێنانی مافە ڕەواکانیدا ڕۆڵی خۆی سەربەرزانە گێڕاوە و هەمیشە لە سەنگەری داکۆکی لە مافە زەوتکراوەکانی خەڵکی کوردستان بووە.

دوا بەدوای شکستی کۆماری کوردستان لە مەهاباد و پەنابردنی بارزانیی نەمر و هاوەڵانی بە ناچاری بەهۆی ناهاوسەنگی هێزەوە بۆ یەکێتی سۆڤیەت بۆشاییەکی سیاسی گەورە و بێ هیواییەکی زۆر و بێ ئومێدی بااڵی کێشا بەسەر دۆخی خەڵک و باری سیاسی لە کوردستاندا هەر بۆیە ناوی (خەبات) لە کۆنگرەی سێیەمی پارتی دێموکراتی کوردستان لە تێڕوانینێکی قوڵ و هۆشیارییە و دووربینییەوە بوو کە بۆ ڕۆژنامەی ناوەندی حزب هەڵبژێردرا کە ببوە مایەی گەشەسەندنەوەی هیوا و ئاواتی گەلەکەمان بۆ گەیشتن بە ئامانج و بەدیهێنانی مافە پێشێلکراوەکانی چونکە خەبات واتە بەردەوام بوون و هەستانەوە، قوربانیدان و تێکۆشان، زیندوو کردنەوەی وڕەی دەگەیاند، هەر بۆیە لە یەکەمین ژمارەیەوە کە بە ئاشکرا لە بەغدا دەرچوو وەک ئەستێرەیەکی گەش لە ئاسمانی چاپەمەنی سیاسی کوردیدا خۆی نواندو و بووە پێشەنگ و داکۆکێکەرێکی سەرسەختی داوا نەتەوەییەکانی گەلەکەمان بەرامبەر تەوژمی شۆڤێنی عەرەبی کە هەر زوو بەرامبەر گەلی کورد لە بەغدا سەری هەڵدا.

خەبات لە بەغدا لە ساڵی (59 تا 61) کە هەر وەک خەبات لە بواری گەیاندنی هەواڵ و ڕووداوەکاندا تا دڵنیا نەبووبێت لە ڕاست و دروستی سەرچاوەی هەواڵ و وردەکارییەکەی بڵاوی نەکردۆتەوە و هەر ئەمەش وای لە ڕۆژنامەکە کردووە کە جێی متمانەی تێکڕای خەڵک و خوێنەرانی بێت و سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی دانیشتوانی کوردستان و تەنانەت دەوروبەریش بێت کە ئەمەش یەکێکە لەو خوسڵەتە بایەخدارانەی لەم شەست ساڵەدا لەسەری بەدەوام بووە و پەیڕەوی کردووە و هەر لەسەرەتای دەڕوات.

خەبات و ئەرشیفەکەی سەرچاوەیەکی گەلێک گرنگ و بایەخدار و جێی متمانەیە بۆ هەر توێژەر و لێکۆڵەر و نووسەر و قوتابیەک کە سەبارەت بە میژوو و خەباتی گەلەکەمان بۆ ئازادی و دێموکراتی و بەدیهێنانی داوا ڕەواکانی لەم پەنجا ساڵەی دواییدا کاری لەسەر بکات، ئەوا لاپەڕەکانی خەبات باشترین و ڕاستگۆترین سەرچاوەیە، کە پشتی بەدڵنیاییەوە پێ ببەستێ.

چونکە، خەبات هەمیشە شاهید حاڵی بارودۆخ و لە نێو جەرگەی ڕووداوەکان بووە و بە ئەمانەتەوە لەسەر لاپەڕەکانی خۆی تۆماری کردوون، بۆیە لێرەوە دەڵێین ئەرشیفی خەبات سامانێکی نەتەوەیی و نیشتمانی زۆر گەورەیە نە تەنیا بۆ پارتیمان بەڵکو بۆ سەرجەم گەلی کوردستان بۆیە دەبێ زۆر بە باشی بایەخی پێبدرێ و بە ئەلیکترۆنی بکرێ بۆ ئەوەی لە فەوتان بپارێزرێت، چونکە ئەرشیفی کاغەزی بە مروری زەمان بەرەو ڕزین و نەمان و لەناو چوون دەچێت، کە بەداخەوە هەندێک لەو ئەرشیفە بەنرخە خەریکە بەو دەردە دەچێت.

پەرۆشی خەبات بۆ تەبایی و یەکڕیزی گەلەکەمان لایەنێکی تری گەشی ئەم ڕۆژنامەیەیە کە تەنانەت لە کاتی شەڕی نەگریسی ناوخۆشدا تا ڕادەیەکی زۆر ئەم لایەنە نیشتمانیە گرنگەی پاراست و هەردەم داوای یەکڕیزی و ئاشتی و تەبایی دەکرد بەمەش سەلماندی کە هەرگیز لەو هێڵە نیشتیمانییەی کە لە لایەن بارزانیی نەمرەوە بۆی دیاریکراوە لاینەداوە و پەیڕەوی دەکات و هەر بەردەوامیش دەبێت و ئەرکی سەرەکی پاراستن و داکۆکی لە هەڵوێستی نەتەوەیی نیشتیمانیە و ئەو ئەرکە وەک هەمیشە دەخاتە ئەستۆی کاری سەرەکی خەبات و خەباتی ڕۆژنامەگەری خۆی.

لە پێکهێنانی حکومەت و پەرلەمانیشدا وەک ڕەخنەگرێکی بنیاتنەر لە هەڵسوکەوتی ئەوانەی ڕوانیوە و لایەنگری کارە باشەکانیان بووە بە ئەرێنی هەڵیسەنگاندووە و هەروەک لایەنی کەم و کورییەکانیشی دەستنیشان کردووە و هەردەم پاڵپشتی ئەو دوو دامەزراوە گرنگە بووە و هانی داون بۆ چاککردنی بژێوی خەڵک و چەسپاندنی سیستەمێکی دێموکراتی دادپەروەر و کۆمەڵگەیەکی بەختەوەر بنیاتنانەوەی وڵات کە ڕژێمی پێشووی عێراقی تا ڕادەیەکی زۆر ترسناک لە هەمو ڕوویەکەوە وێرانی کردبوو.

خەبات وەک ڕۆژنامەی دایک قوتابخانەیەکی بەردەوام بووە بۆ پێگەیاندنی سیاستەمەدار و ڕۆژنامە نووس و نووسەر و کادری زۆر لێهاتووی پێشکەش بە دەستگاکانی تری ڕاگەیاندن کردووە کە زۆربەیان ئێستا ناوی دیار و سەرکەوتوون لە بواری ڕاگەیاندنداز کە ئەمەش جێی شانازی ڕۆژنامەکەمانە کە ئەوانە ئەمڕۆ وەک نووسەر و ڕۆژنامەنووس و پێشکەشکاری تەلەفزیۆن و شۆڕقەکاری لێهاتوو لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامە جیاجیاکانی هەرێم لە ڕادیۆ و لەسەر شاشەکاندا وەک ئەستێرە دەردەکەون و دەناسرێن سەرەتای کاری ڕۆژنامەگەرییان لە خەباتەوە دەستی پێکردووە و لە ڕێگەیەوە پەروەردە بوون.

لە ساڵانی 1995-1996 ڕۆژنامەی خەبات توانی شانازییەکی دیکە تۆمار بکات، چونکە یەکەمین ڕۆژنامە بووە کە توانیویەتی سوود لە کۆمپیوتەر و تەکنیکی نوێ وەربگرێت و بۆ کارە هونەرییەکان بەکاری بێنێ و بیێتە یەکەمین ڕۆژنامە کە دیزاینی بە کۆمپیوتەر بێت، هەروەها لەگەڵ سەرهەڵدانی ئینتەرنێت، هەر لەو ساڵانەدا وێب سایتی تایبەتی خۆی هەبووە کە لە هەمو وڵاتانی جیهان لە هەمان ڕۆژدا توانراوە تەماشا بکرێ؟ هەروەک ماوەیەک لە لەندن چاپی دووەمی خەبات بڵاوکراوەتەوە و نووسینگەکەشمان لە ئەوروپا زۆر چاالکانە کاری خۆی بە بەردەوامی و دڵسۆزانە کردووە و دەکات کە مایەی پێزانینمانە.

لە کۆتاییدا جێی خۆیەتی کە ئاماژەیەک بە هەڵوێستی کارمەندانی خەبات بکەم کە پێشمەرگە ئاسا لەماوەی هێرشی داعش بۆسەر هەرێم چۆن بە حەماسەتەوە کاری ڕۆژنامەی خۆیان دەکرد ئەمە لە کاتێکدا حکومەتی عێراقی مووچە و بوودجەی هەرێمی بڕی بوو بەو پێیەش کارمەندانی خەبات ئەو ماوە زۆر خۆبەخشانە کاری خۆیان بە ڕێک و پێکی و بە بەردەوامی دەکرد و سەلماندیان کە قوتابیەکی بە ئەمەکی پارتی دێموکراتی کوردستان و ڕێبازی بیرۆزی بارزانی نەمرن.

هەر بۆیە جارێکی تر بەڵێن دووپات دەکەینەوە کە لەسەر ڕێبازی بارزانیی نەمر – کە هەوڵ و کوشش و کۆڵنەدان و قوربانییدانە لە پێناو گەل و نیشتمانداز– بەردەوام و بە وەفابێن لەگەڵ سوپاس و ڕێز و قەدرزانینمان بۆ هەموو ئەو دڵسۆزانەی لەم شەست ساڵەدا خزمەتی ڕۆژنامەی خەباتیان کردووە، چ ئەوانەی بەجێیان هێشتووین ژ ڕۆحیان شاد ژ و چ ئەوانەی تا ئێستا بەردەوامن لەگەڵمان خوا تەمەن درێژیان بکات.

بەئامادەبوونی سەرۆکی پەرلەمان

کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی پەرلەمانتارانی کوردستان دەستی بەکارەکانی کرد

بەئامادەبوونی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و سکرتێری پەرلەمان، سێیەمین کۆنگرەی یەکێتیی پەرلەمانتارانی کوردستان لەژێر دروشمی (سیستەمێکی پەرلەمانیی دروست و هەنگاونان بەرەو چاکسازی و سەروەریی یاسا) دەستی بەکارەکانی کرد.

دوێنێ شەمە 6ی نیسانی 2019 لەهۆڵی پێشەوا لە شاری هەولێر، بەئامادەبوونی د.ڤالا فەرید ئیبراهیم، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و مونا نەبی قەهوەچی، سکرتێری پەرلەمان، سێیەمین کۆنگرەی یەکێتیی پەرلەمانتارانی کوردستان لەژێر دروشمی (سیستەمێکی پەرلەمانیی دروست و هەنگاونان بەرەو چاکسازی و سەروەریی یاسا) دەستی بەکارەکانی کرد. لە کۆنگرەکەدا کە بەئامادەبوونی ژمارەیەک لە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان و جێگری دووەمی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و ژمارەیەک لە ئەندامانی فراکسیۆنە کوردییەکان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و ژمارەیەک لە بەرپرسانی حکومی و حزبی بەڕێوەچوو، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بەو بۆنەیەوە وتەیەکی پێشکەشکرد و تیایدا بەستنی کۆنگرەکەی بە هەنگاوێکی گرنگی نوێبوونەوە وەسفکرد و دەستخۆشیی لێکردن کە دڵسۆزانە بەشداریان لەسەرخستنی ئەرکەکانی پەرلەمانی کوردستان لە رووی یاسادانان و بەدواداچوونداکردووە و دواوشی لە ئەندامانی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان کرد کە لە ڕێگەی لیژنە هەمیشەییەکانیەوە لە هەماهەنگییەکی تەواودابن لەگەڵ یەکێتیی پەرلەمانتارانی کوردستان بەمەبەستی سوودوەرگرتن لە ئەزموونی ئەوان، ئەمەش دەقی وتارەکەیە:

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

بەڕێزان سەرۆک و ئەندامانی یەکێتیی پەرلەمانتارانی کوردستان..

میوانە بەڕێزەکان..بەشدارەوانی سێیەمین کۆنگرەی یەکێتیی پەرلەمانتارانی کوردستان.

سلاوتان لێبێت...

بەناوی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان و ئەندامانی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، پیرۆزبایی و دەستخۆشی لە ئێوەی بەڕێز دەکەین بەبۆنەی بەستنی کۆنگرەکەتان، کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی پەرلەمانتارانی کوردستان کە بەپێی یاسای ژمارە (17)ی ساڵی (2006)ی هەموارکراو لە ڕێکەوتی 19/ی نۆڤەمبەری 2016دا دامەزراوە.

بێگومان بەستنی کۆنگرە هەنگاوێکی گرنگی نوێبوونەوەیە، بۆیە بەپێویستی دەزانم دەستخۆشی لە ئێوەی بەڕێز بکەم کە دڵسۆزانە بەشداریتان کردووە لەسەرخستنی ئەرکەکانی پەرلەمانی کوردستان لە رووی یاسادانان و بەدواداچوونەوە.

بەڕێزان..

پێویستە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان لە ڕێگەی لیژنە هەمیشەییەکان لە هەماهەنگییەکی تەواو دابێت لەگەڵ یەکێتیی پەرلەمانتارانی کوردستان بەمەبەستی سوودوەرگرتن لە ئەزموونی ئەوان، بۆئەوەی هەردوولامان ڕۆڵ بگێڕین لە بەرەوپێشبردنی ڕێڕەوی بەرجەستەکردنی سەروەریی یاساو دادپەروەریی لەسەرخستنی ئەرکەکانی پەرلەمانی کوردستان لە رووی یاسادانان و بەدواداچوونەوە.



بەڕێزان..

خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، ماوەیەکی زۆر نییە دەستی بەکارەکانی خۆی کردووە، داکۆکیکردن لە مافی هاووڵاتیان بە ئەرکی لەپێشینەی خۆی دەزانێت و بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئەرکەش پێویستیی بە هەماهەنگییە لەگەڵ حکومەت و سەرجەم دامودەزگاکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و بێگومان یەکێتیی پەرلەمانتارانی کوردستان، هیوادارین کۆنگرەیە دەستپێکێکی ئەم هەنگاوە بێت. لەکۆتاییدا جارێکی تر دەستخۆشیتان لێدەکەین و هیوای سەرکەوتن بۆ ئەم کۆنگرەیە دەخوازین.

هەرشاد و سەرفراز و سەرکەوتووبن.

زۆر سوپاس

پەرلەمانی کوردستان و خۆیان بەدووربگرن لە چەواشەکاریی سیاسی کە بێگومان نایانگەیەنێتە ئەو ئامانجەی کە لە پێناویدا هاتوون بۆ پەرلەمانی کوردستان.

بەڕێزان..

خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، ماوەیەکی زۆر نییە دەستی بەکارەکانی خۆی کردووە، داکۆکیکردن لە مافی هاووڵاتیان بە ئەرکی لەپێشینەی خۆی دەزانێت و بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئەرکەش پێویستیی بە هەماهەنگییە لەگەڵ حکومەت و سەرجەم دامودەزگاکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و بێگومان یەکێتیی پەرلەمانتارانی کوردستان، هیوادارین کۆنگرەیە دەستپێکێکی ئەم هەنگاوە بێت. لەکۆتاییدا جارێکی تر دەستخۆشیتان لێدەکەین و هیوای سەرکەوتن بۆ ئەم کۆنگرەیە دەخوازین.

هەرشاد و سەرفراز و سەرکەوتووبن.

زۆر سوپاس

ئاشنا بابان:

دانانی ئاڵای کوردستان لە تەک ئاڵای ئوردن دانپێدانانی نائاشکرایە بۆ پێگەی دیفاکتۆی کوردستان



کارزان حەیدەر: گەیشتنی سەرۆک مەسعود بارزانی بۆ شانشینی ئوردن و پێشوازی لێکردنی بە ڕێوڕەسمێکی پرۆتۆکۆلی لە دانانی فەرشی سوور و بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان لە تەک ئاڵای ئوردنی هاشمی لەنێو فڕۆکەخانە، بووە بابەتی میدیاکان و زوومی کامێرای ڕۆژنامەنووسانی کەوتە سەر، شارەزایانی بواری پرۆتۆکۆلی سیاسیش خوێندنەوەی خۆیان بۆی هەیە و پێیانوایە ئەو پێشوازیکردنە لەڕووی یاسای نێودەوڵەتییەوە جۆرێکە لە دانپێدانانی نائاشکرا بۆ پێگەی دیفاکتۆی کوردستان. ئاشنا بابان، مامۆستای زانستە سیاسییەکان لەبارەی ئەو ڕێوڕەسمە پرۆتۆکۆلییەوە دەڵێ: سەردانی سەرۆک بارزانی بۆ شانشینی ئوردن ڕۆژی 5/4/ 2019 لەسەر بانگهێشتی فەرمی و لە ڕێورەسمێکی پرۆتۆکۆلی دیپلۆماسی کە پێشوازی لێکرا لەلایەن میر فەیسەڵ کوڕی حوسێن برای پاشای ئوردن و کۆمەڵێک بەرپرسی حکومی وڵاتی ئوردن، هاوکات دانانی ئاڵای کوردستان لە تەک ئاڵای ئوردن لە فڕۆکەخانە و لە هۆڵی کۆبوونەوە، ئاماژەیەکی گرنگە لەڕووی یاسای نێودەوڵەتییەوە و دەکرێت بڵێین جۆرێکە لە دانپێدانانی نائاشکرا بۆ پێگەی دیفاکتۆی کوردستان. ئەو شارەزایەی بواری پرۆتۆکۆلی سیاسی زیاتر دەڵێت:لە بیرمان نەچێت پەیوەندی نێوان کورد و وڵاتی ئوردن بۆ میژووی کۆن دەگەڕێتەوە، بەردوام لە پەیوەندییەکی باش و بەردەوامدا بووە، کۆبوونەوەی ئەمجارەش گرنگی سیاسی و دیپلۆماسی و ئابووری و ژینگەیی خۆی هەیە بە بەشداریکردنی لە کۆڕبەندی سالانەی ئابووری جیهانی لە دەریای مردوو، هۆکاری باش و سوودبەخشە بۆ بە هێزکردنی پەیوەندی ئابووری نێوان کوردستان و وڵاتانی دیکەی ئامادەبوو، لە هەمان کات هۆکارێکە بۆ بەهێزبوونی پێگەی ئابووری و سیاسیی کوردستان و پەیوەندییە دیپلۆماسی و سیاسییەکان.

یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لەبارەی کاردانەوەکانی فێستیڤاڵی ڕەنگەکان بڵاوکردەوە

هزری تۆندئاژۆ لە دەرفەتێک دەگەڕێن بۆ قۆستنەوە و لێدان لە سیما پێشکەوتووخوازەکەی کۆمەڵگە

یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لەبارەی کاردانەوەکان لە بەرانبەر فێستیڤاڵی ڕەنگەکان کە لە شاری هەولێر بەڕێوەچوو، ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە کە ئەمە دەقەکەیەتی:

لە کاتێکدا کۆمەڵگەمان، دوای کۆتایی هاتنی جەنگی تیرۆریستانی داعش و کەمبوونەوەی کاریگەرییەکانی قەیرانی دارایی، پێدەنێتە سەرەتایەکی نوێ لە کەشوهەوایەکی سەقامگیر بەرەو زیاتر پێشکەوتن و کرانەوە بەرەو ڕووی دونیای دەرەوە و خۆی لە کاریگەرییەکانی جەنگ و قەیران ڕزگار دەکات.

هەولێری پایتەختی کوردستانیش وەک شارێکی هەمەڕەنگ و ڕووگەی پێشکەوتن و دەرکەوتنی سیماکانی شارستانیبوونی کوردستان تروپکی ئەم پێشکەوتنەی لە خۆیدا بەرجەستەکردووە و بە چەندین شێواز و لە ڕێگەی ئەنجامدانی چەندین کۆنفرانس و فێستیڤاڵ و چالاکی هەمەجۆری فیکری و مەعریفی و هونەری، ڕۆحی زیندوویی و شارستانیبوونی خۆی نیشان دەدات . بەڵام هزری تۆندئاژۆ لە دەرفەتێک دەگەڕێن بۆ قۆستنەوە و لێدان لە سیما پێشکەوتوخوازەکەی کۆمەڵگە. لێرەشدا کەسانێک لە بێ ئاگاییەکی قوواڵدا دەکەونە دوای ئەم تەوژمە و دەبنە ئاگر و هێرش دەکەنە سەر جەستەی کۆمەڵگە .

ئەمەش کاتێک بە تەواوی دەردەکەوێت کە دەبێت ئافرەت ئامادەیی هەبێت و بەشێک بێت لەوەی لە کۆمەڵگەدا گوزەر دەکات ، ئەگەر لە بواریکدا بێت کە ئاسۆی هزر و بیرکردنەوە فراوان دەکات یاخود بواری دیکە و چالاکی هونەری و کەرنەڤاڵ بێت. هزری تۆندئاژۆ هەموو سیمایەکی شارستانییەت و پێشکەوتوخوازی بە هەڕەشە دەزانێت بۆ سەر خۆی.

لەو چوارچێوەیەدا هێرشکردنە سەر فێستیڤاڵی ڕەنگەکان تەنها دریژکراوەی ئەو بیرە باوەیە کە چاوی بەرایی نادات، ئافرەت لە فەزای گشتیی کۆمەڵگەدا ببینێت، ئەم هەڵمەتە و هێرشکردنە بۆ سەر ئەو گەنجانەی کە مافێکی سەرەتایی خۆیان پیادە کردووە و نەبوونەتە مەترسییەک بۆ سەر ژیانی کەس.

بۆیە لێرەدا ئەوپەڕی پشتیوانی هەر کار و چالاکییەکین کە فاکتەرێک بێت بۆ دەرکەوتنی سیمای پێشکەوتنی کۆمەڵگە و دووپاتی دەکەینەوە کە هیچ بواریک و دەرفەتێک نییە تەنها قۆرغ بێت بۆ پیاو، چونکە دەنگدانەوەکە کاتێک گڕ دەستێنێت کە ئافرەت دەردەکەوێت.

یەکێتی ئافرەتانی کوردستان

2019/4/6

ئیسرائیل...

لە ڕاپرسییەکاندا پارتەکەی ناتانیاهو لە ڕیزبەندی پێشەوەیە

پارتەکەی سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، بێنیامین ناتانیاهو بەناوی لیکود، بە چەند رۆژێک پێش هەڵبژاردنی پێشوەختە لە ڕاپرسییەکاندا هاتەوە ڕیزبەندی یەکەم. بەپێی ڕاپرسییەکی میدیای ناوخۆی ئەو وڵاتە، پارتی لیکود لە هەڵبژاردنی نۆی نیساندا پێش رکابەری سەرەکییەکەی کەوتۆتەوە کە هاوپەیمانی شین/ سپییە و ڕۆژنامەنووسی پێشوو، یائیر لاپید و سەرۆک ئەرکانی پێشووی ئیسرائیل، بێنی گانتز پێکیان هێناوە.

بەپێی ڕاپرسی ڕۆژنامەی هاآرتز، ئەگەر ئێستا هەڵبژاردن بکرێت پارتەکەی ناتانیاهو لە کۆی 120 کورسی پەرلەمان، 30 کورسی و هاوپەیمانی شین سپی، 27 کورسی بەدەستدەهێنن. هەر لە ڕاپرسییەکەدا ئەوەش دەرکەوتووە کە پارتە ڕاستڕەوەکان کە پارتەکەی ناتانیاهوشیان لەنیویدایە 67 کورسی بەدەست دەهێنن.لەژێر ڕۆشنایی ئەم زانیارییانەشدا، پارتی لیکود ئەگەر لە ڕیزبەندی دووەمیشدا بێت، بە هۆی نزیکییەوە لە پارتە ڕاستڕەوەکان، دوای پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی تازە، ئەگەر هەیە ناتانیاهو ببێتەوە سەرۆکوەزیران.



مەحمود ئەحمەدی نەژاد:

دەرفەتی ژیانی سیاسی لە ئێران نەماوە

سیاسەتمەداران یان دەخرێنە زیندان، یان بۆ هەندەران ڕادەکەن



سەرکۆماری پێشووی ئێران، مەحمود ئەحمەدی نەژاد ڕایگەیاند کە دەرفەتی ژیانی سیاسیی لە ئێراندا نەماوە و سیاسەتمەداران یان دەخرێنە زیندان، یان ڕادەکەن بۆ هەندەران یان دەبێ بە بێدەنگی لە مالەوە دابنیشن.مەحمود ئەحمەدی نەژاد بە مالپەڕی kha-barfoori ڕاگەیاندووە کە خەڵک لە پێناو ژیانێکی شکۆدارانە لە ساڵی 1979 شۆڕشی کرد کە بەشی هەرە زۆری ئەوەش پەیوەندی بە ئابوورییەوە هەیە، گوتی: ئێستا خەڵک ناچارن ڕۆژی 2 تا 3دەوام کار بکەن و نیگەرانن لە داهاتوویان بەهۆی بەردەوام قەرز وەرگرتن.ئەحمەدی نەژاد ڕەخنەی لە سنووردارکردنی چالاکییە سیاسییەکانیش گرت و گوتی: دەرفەتی ژیانی سیاسیی لە ئێراندا نەماوە و سیاسەتمەداران یان دەخرێنە زیندان، یان ڕادەکەن بۆ هەندەران یان دەبێ بە بێدەنگی لە مالەوە دابنیشن.یەکە سەربازییەکان، سەرکۆمار و سەرۆکی دەسەلاتی دادوەری و بەرپرسانی دیکە ڕەخنە قبوڵ ناکەن.بە فەرماندەیەک بڵێی پشتی چاوت بڕۆیە بە دوژمنی شۆڕش لەقەڵەم دەدرێی.بەشێکیان دەڵێن ئەگەر ئازادی بدەین خەڵک ئاژاوە دەگێڕێت بەڵام ئەوانەی وا دەڵێن خۆیان تێکچوون و بە دوای ئاژاوەدا دەگەڕێن.ناوبراو بە پێویستی زانی ڕێگە بە هاووڵاتیان بدرێت خۆپیشاندان بکەن و ناڕەزایەتی دەربڕن، چونکە بە ڕێگریکردن بە خۆپیشاندان ڕێگە لەبەردەم توندوتیژیدا دەبێتەوە.

سیاسەتوانێکی ناسراوی ئەفریقیا بۆ «خەبات»:

کورد زۆربەی قۆناغەکانی ڕێگەی سەرفرازی یەکجارەکی بڕیوە

خەبات-مەریوان نەقشبەندی

سیاسەتوانێکی ناسراوی وڵاتی ئەفریقیای باشوور کە دووجار پێشتر سەردانی هەرێمی کوردستانی کردووە و میواندارێ چەند کەسایەتییەکی هەرێمی کوردستانیشی لە شاری بریتۆریای ئەفریقای باشوور کردووە لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات ڕایگەیاند: کورد زۆربەی قۆناغەکانی ڕێگای سەرفرازی یەکجارەکی بڕیوە و ڕۆڵی بارزانییەکانی لەم قۆناغانەدا بە ڕۆڵێکی گەورە و مرۆڤدۆستانە وەسف کرد. هانز کارلۆس پەرلەمانتاری پێشووی ئەفریقیای باشوور لەسەر حزبی دیموکراتی مەسیحی لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات، گوتی: هەموو گەلێک بەپێی هەڵکەوتەی نیشتمانەکەی و باروودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بە قۆناغی جۆراوجۆر دەڕوات تا دەگاتە ئامانجە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی بەپێی ئەم پرەنسیپە ئێستا نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتیش بەشی باشووری کوردستان زۆربەی قۆناغەکانی ڕێگای سەرفرازی و گەیشتن بە ئامانجەکانی بڕیوە و دەکرێت بڵێین ئەنجامی ریفراندۆمی جەماوەری ساڵی 2017ی خەڵکی هەرێمی کوردستان یەکێتک بوو لە سەختترین قۆناغەکانی ئەم ڕێگایە، ئەگەرچی لێکدانەوەی جۆراوجۆر و ناڕەزایەتی ئیقلیمی و نێودەوڵەتیش لەسەر ئەم ریفراندۆمە لە کاتی خۆی دروستبوو، بەڵام ئەوە دەبینین کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناتوانێت ڕێز لە ئیرادە و سووربونی خەڵکی کوردستان نەگرێت و دەرەنجام وڵاتانی هەرێمایەتی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش لەم ڕاستییە تێدەگات کە گەلی کورد چەند مرۆڤدۆستانە ئەم قۆناغانەیان بڕیوە و تێشدەگەن کە بارزانییەکان چەند دڵسۆزانە لە ڕێگای بەدیهاتنی ئەم ئامانجانەی خەڵکەکەیان و سەقامگیریی ناوچەکە خەباتیان کردووە و چەند مرۆڤانە لەپێناو گەیشتن بە خواستە ڕەواکانی میللەتەکەیان کاریان کردووە. هانز کارلۆس گوتیشی: کورد وەک هەندێ گەلی دیکە نییە کە چاوەڕێی گۆڕانکارییەکانی کردبێت هەتا هەنگاوێک بهاوێت، بەڵکو لە هەموو قۆناغەکان و بەپێی پێویستی قۆناغەکە ژیرانە و دوور لە تونددوتیژی خەباتیان کردووە، شەڕیان لەپێناو مانەوە و سەرفرازی کردووە و لەپێناو هەمان ئامانجیش، ئاشتی و گفتوگۆیان کردووە.



هەواڵەکانتان بۆ ئەم ناونیشانە بنێرن: Hawal.xabat@yahoo.com
یەک شەممە 2019/4/7 ژمارە (5724)
www.xebat.net
خەبات

جەماوەرێ دهۆکا شێخان سەردانا مەزارێ نەمران ل بارزان کرن



خەبات- ئالان شەهاب:

ب سەرپەرشتیا مەحمود ئیزدی بەرپرسێ لقێ20 شێخان و ئامادەبوونا قائیمقامێ شێخان و ڕێڤەبەر و فەرمانگەهێن دامودەزگەهێن میری و هەمو پێکهاتێن دهۆکێ ژ بو نویکرنا سوزو پەیمانا بو ڕیبازا پیروزا بارزانیێ نەمر.

جەماوەرێ دهۆکا شێخان و ئەلقوش و ب ناحیە و کومەلگەها و گوندێن بسەرڤە ب هەمی شارو شاروچکا ڤە سەردانا مەزاری نەمران ل بارزانا کرن و ژلایێ نوێنەرێ جەنابێ سەرۆک بارزانی ڤە شێخ خەلات بارزانی هاتنە پێشوازی کرن.

دەزگای خێرخوازیی نانەکەلی قوتابخانەیەکی 18 پۆلی لە شاری هەولێر دەکاتەوە



ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی 2019/4/4 لە گەڕەکی فەرمانبەرانی شاری هەولێر و بە ئامادەبوونی دکتۆر پشتیوان سادق وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کورستان و پارێزگاری هەولێر و وتەبێژی حکومەتی هەرێم و ڕاوێژکارانی وەزارەت و بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێر، قوتابخانەی ئەحمەد ئیسماعیل نانەکەلیی کۆران کاریەوە، کە لە 18 پۆل پێکهاتووە و لەلایەن گرووپی کۆمپانیاکانی ماس و دەزگای خێرخوازیی نانەکەلی تەواو کراوە. دکتۆر پشتیوان سادق لە وتەیەکیدا گوتی: ئەمڕۆ پێخۆشحالین کە بالەخانەی قوتابخانەی ئەحمەد ئیسماعیل نانەکەلی دەکەینەوە. بەراستی، لە ڕووی نیشتمانی و ئایینی و پەروەردەییەوە کردەیەکی جوان و گەورەیە کە بنەماڵەی کاک ئەحمەد ئیسماعیل ئەنجامیان داوە، وەزیری پەروەردە باسی ئەوەشی کرد کە سێ ساڵ پێشتر باسی ئەم پڕۆژەیەیان کردووە لەگەڵ بنەماڵەی بەڕێزیان و ئەوانیش سەردێرای کارە باشەکانیان لە هەرێم ئەم هەنگاوە باشەشیان هەڵێنایەوە و ڕەزامەندیشیان نیشان داوە کەوا لە چەند پاریزگایەکی تر قوتابخانە دروست بکەن.

وەزیری پەروەردە باسی لەوەش کرد کە ساڵانە ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان زیاتر دەبن، بۆیە پێویستمان بە دروستکردنی بالەخانەی قوتابخانەی زیاترە، هەر ئەمەیش وامان لێدەکات کە هەموومان هاوکاری یەکتر بین لە دروستکردن و ئەنجامدانی کاری باش بۆ بەرەوپێشبردنی پڕۆسەی پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان و هیواخوازم دەستەی کارگێڕی و مامۆستایان و قوتابیانی خۆشەویست قوتابخانەکەیان بە جوانترین شێوە بپارێزن، بۆ ئەوەی نەوەی داهاتوو سودی لێ وەربگرێت. پاشان چەندین بەشی قوتابخانەکە بەسەر کرانەوە و پیرۆزبایی لە قوتابیان و مامۆستایان کرا.

بەرپرسی لقی 16: هەموو هەوڵێک دەدەین لەپێناو کۆدەنگی نیشتمانی و یەکخستنی گوتاری سیاسیی گەلەکەمان



بەبۆنەی کردنەوەی لیژنە ناوچەی دارەشەکران و بەمەبەستی خستنەڕووی دواین ڕووداوو پێشهاتەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان و عێراق و ناوچەکەو دواین هەنگاوەکانی پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەئامادەبوونی کارگێڕانی لق و ژمارەیەکی زۆر لەکادیران و هاونیشتمانیانی دەڤەرەکە، بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی16ی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان لەناحیەی دارەشەکران کۆڕێکی جەماوەری بەرفراوانی سازکرد. لەدەسپێکی کۆڕەکەیدا بڵند ئیسماعیل پیرۆزبایی لقی16ی ئاراستەی ستافی لیژنە ناوچەی ناوبراو کردوو ئومێدی سەرکەوتنی بۆ خواستن و بەرۆڵ و کاریگەری خەڵکی ئەو دەڤەرەکە کرد لەقۆناغە جیاجیاکانی خەباتی ڕزگاری نیشتمانی گەلەکەمان و هاوکاریکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پێشخستن و ئاوەدانکردنەوەی ئەو شوێنانەی ڕژێمی بەعس وێرانی کردبوون کە ئەمەش جێگەی دەستخۆشی و پیرۆزبایی هەموو لایەکمانە . دواتر بەرپرسی لقی16ی هەولێر ئاماژەی بەگرنگترین ڕووداوو پێشهاتەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان و عێراق و ناوچەکە کرد بەتایبەتی پرسی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان گفتوگۆ بەردەوامەکانی شاندی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ هێزو لایەنەکانی دیکەی کوردستان بەمەبەستی دروستکردنی کۆدەنگی نیشتمانی کە بۆ ئەم مەبەستەش پارتی ئامادەیە بەشێک لەبەرکەوتەکانی خۆی بدات بەلایەنەکانی دیکە لەپێناو یەکخستنی گوتاری سیاسی گەلی کوردستان.

سەرۆکی ژووری پیشەسازیی دهۆک: بەهۆی نەمانی پاشەکەوتی مووچەوە کارگە لەکارکەوتووکان بەکاردەکەونەوە



بەرپرسێکی کەرتی پیشەسازی، زانیاری لەبارەی گەشەکردنی کەرتی پیشەسازیی هەرێمی کوردستانەوە درکاند و گوتی، نیوەی کارگەکانی هەرێمی کوردستان بە هۆی قەیرانی دارایییەوە لە کار کەوتبوون، بەڵام چەند ڕۆژێکە دست بە ئامادەکردنەوەیان دەکرێت بۆ کارکردن. حەمید ڕەبەتکی، سەرۆکی ژووری پیشەسازیی دهۆک، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: ساڵانی ڕابردوو بە هۆی قەیرانی دارای و نەبوونی کار و وەستانی بازارەوە نیوەی کارگەکانی هەرێمی کوردستان لەکار کەوتبوون و هەزارەها هاوواڵاتی هەر لە کرێکار و ئەندازیارەوە تا بازرگان و خاوەنکاریش بێکار ببوون، بەڵام لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری پاشەکەوتی مووچە و گەشەکردنی ئابووریی هەرێمی کوردستاندا، خەریکە بازاڕی پیشەسازی دەبووژێتەوە. سەرۆکی ژووری پیشەسازیی دهۆک ڕوونی کردەوە: ماوەی چەند ڕۆژێکە جوولّە کەوتووەتە بازاڕی هەرێمی کوردستان و خاوەنی کارگەکانیش دەستیان کردووە بە ئامادەکردنی کارگە ڕاگیراوەکان بۆ ئەوەی دووبارە دەست بە کار بکەنەوە، هەرچەندە ئامارێکی دروست لە بەردەستدا نییە، بەڵام سەدان کارگەی لەکارکەوتوو ئامادە دەکرێن و پێشبینی دەکرێت لە مانگەکانی داهاتوودا دەست بە کارەکانیان بکەنەوە. ڕەبەتکی ئاماژەی بۆ ئەوە کرد: جگە لە کارگە ناوخۆییەکان، ژمارەیەک بازرگانی بیانی ڕەزامەندییان نیشان داوە کارگە و لقی کۆمپانیا بازرگانییەکانیان بگوازنەوە بۆ هەرێمی کوردستان، ئێمە پێشبینی دەکەین ڕەوشی بازرگانی و بە تایبەت کەرتی پیشەسازی بگەڕێتەوە ڕەوشی جارانی.

بڕیارە ئەمڕۆ تەندروستیی گەرمیان منداڵان دژ بە نەخۆشیی ئیفلیجی بکوتێ

خەبات- سەبریە یوسف: بڕیارە ئەمڕۆ لە سنوری ئیدارەی گەرمیان ،هاوشێوەی ناوچەکانی تری کوردستان، هەڵمەتی کوتان دژی نەخۆشی ئیفلیجی منداڵان بەڕێوەبچێت. لەوبارەوە، فەریدەون عەبدولڕەحیم، سەرپەرشتیاری هەڵمەتەکە لەگەرمیان، بە خەباتی ڕاگەیاند: سەرباری پێکهێنانی تیمی جێگیر لەماڵبەماڵ تاکوتای هەفتەکە بەردەوام دەبێ. ئەوەشی خستەڕوو هەڵمەتەکە منداڵی تەمەن 1 ڕۆژ بۆ پێنج ساڵ دەگرێتەوە.

بەڕێوەبەرایەتیی چاککردنەوە و پاراستنی ڕێگاوبانی هەولێر ژمارەیەک ڕێگاوبانی چاککردەوە کە بەهۆی لافاو و باران تێکچووبوون

خەبات- سەید فاتیح بەرزنجی:

ئەندازیار دڵشاد عیمادەدین بەڕێوەبەری چاککردنەوەو پاراستنی ڕێگاوبانی هەولێر ڕونیکردەوە:

بارانبارینی بەردەوام بۆتە هۆکاری تێچوونی ڕێگاوبانەکان، بەتایبەتی باران بارین و لافاوی ئەمساڵ ژمارەیەک ڕێگاوبانی تێکداوەو تیمەکانمان لە دەوروبەری هەولێرو لەناوچە سنوربەکان بەردەوام خەریکی چاککردنەوەی ڕێگاوبانەکانن و لەماوەی ئەو چەند ڕۆژانەی دووایی هەرلەلایەن تیمەکانمانەوە ژمارەیەک ڕێگاوبان چاککراونەتەوە.



بەڕێوەبەری چاککردنەوەو پاراستنی ڕێگاوبانی هەولێر هەروەها دەڵێت: تیمەکانمان بەردەوام خەریکی چاککردنەوەی ڕێگاوبانەکانە وەک: خاوێنکردنەوەی ڕێگای گوندی کانی بۆت- بێدیال لە دارمانی خۆڵ و بەرد کە بەهۆی باران بارینی بەخوڕو لافاوەوە ڕێگاکە گیرابوو خاوێنکرایەوە.

هەروەها هەر لەلایەن کەرتی چوارەوە توانرا پارچە شاخێکی گەورە دارمابوو بۆسەر ڕێگای چۆمان- حاجی ئۆمەران خاوێنکرایەوەو پارچە شاخەکەشیان لادا. هەرلەلایەن تیمەکانی سەربە کەرتی چواری سۆرانەوە قوڕو لیتەی ڕێگای گەلی عەلی بەگ خاوێنکرایەوە. هەرلە درێژەی لێدوانەکەیدا بەڕێوەبەری چاککردنەوەو پاراستنی ڕێگاوبانی هەولێر ڕونیکردەوە: تیمەکان بەردەوام هەر ڕێگایەک پێویستی بە چاککردنەوەو هەبێت چاکی دەکەنەوە، وەک چاککردنەوەی شوێنێک لە ڕێگای سەرەکی گوندی کانی لینج-بیرسیاف ژ پیران، لەلایەن کەرتی سێی میرگەسۆر چاککرایەوەو بەهۆی لافاوەوە خۆڵ و بەردو پاشماوەی لافاو بۆ جارێکی دیکە ڕێگای گەلی عەلی بەگی پەکخستبوو پاککرایەوە، لەلایەن کەرتی چواری سۆران و لەلایەن کەرتی دوو توانرا چەند شوێنێک لە قەزای شەقلاوە لەبەردو قوڕولیتە پاک بکرێتەوە. هەربەهۆی باران بارین و لافاو بەڕێوەبەرایەتیەکەمان کاری گواستنەوەی ئامێرەکان و ئارامکۆ بۆ شوێنی قەنتەرەی دارمانی جوندیان ژ بەرزێوە سەرڕێگای سۆران ژچۆمان تاکارلە ڕێگایەش بکرێت و ڕۆژانە تیمەکان بەبێ وەستان هەموو ئەو ڕێگاوبانانە چاک دەکەنەوە. دواتر بەڕێوەبەری چاکردنەوەو پاراستنی ڕێگاوبانی هەولێر گوتی: بۆ ئەوەی ڕێگاوبانەکان زیاتر گرنگی پێبدرێت لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە هەوڵ بۆ چاککردنەوەی بەشێکی زۆری ڕێگاوبانەکانی هەولێر دراوە و بڕیاریش وایە لە ئایندەیەکی نزیکدا کاربۆ چاککردنەوەی ڕێگاوبانەکان بکەوێتە بواری جێبەجێ کردنەوەو هەوڵیش بۆ چاککردنەوەی ڕێگای هەولێر -کۆیە هەیە.



بەڕێوەبەری چاککردنەوەو پاراستنی ڕێگاوبانی هەولێر:

تیمەکانمان بەردەوام خەریکی چاککردنەوەی ڕێگاوبانەکانە

دەزگای خێرخوازیی بارزانی بەشداری لە هەڵمەتی پاککردنەوەی شاری مووسڵ دەکات



دوێنێ دەزگای خێرخوازیی بارزانی بەشداری هەڵمەتێکی گەورەی پاککردنەوەی شاری موسڵ کرد.

دوێنێ شەممە 2019/4/6 دەزگای خێرخوازیی بارزانی بەشداری لە هەڵمەتی خاوێنکردنەوەی شاری موسڵ کرد و لە هەڵمەتەکەشدا زیاتر لە 100کارمەند و خۆبەخشی دەزگای خێرخوازیی بارزانی بەشدارن.

هەر لە هەڵمەتەکەدا 22 ئۆتۆمبێل و تەواوی پێداویستییەکانی خاوێنکردنەوە لەلایەن دەزگای خێرخوازیی بارزانییەوە دابین کراوە.

بەڕێسی لقی دوو: ئەو جۆرە فیستیڤاڵانە پرەنسیپی پێکەوەژیان لە کوردستان دووپات دەکەنەوە



دوێنێ، ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان بە یاوەری ئاری نانەکەلی و د.ئاراس خۆشناو کارگێڕانی لق،ئامادەی فیستیڤاڵی کلتووری نێودەوڵەتی کۆمەڵگای ڕۆناى پەروەردەیی بوون. وێڕای خوێندنەوەی وتەی بەڕێوەبەری کۆمەڵگاکە، زیاتر لە 20 چالاکیی و یاری نمایشکران، جگە لە نواندن و خواردەمەنی جۆراوجۆر. ئەوەی سەرنجی ئامادەبووانی فیستیڤاڵەکەی ڕاکێشا، نیشاندانی کلتووری ولاتانی جیهان بوو بە ئاڵا و جل و بەرگی تایبەت بە خۆیان. بەو بۆنەوە بەرپرسی لقی دوو دەستخۆشی گەرمی لە بەڕێوەبەر و مامۆستایان و قوتابیانی کۆمەڵگاکە کرد و جەختی لەوە کردەوە ئەو جۆرە چالاکیانە وزە و توانای زیاتر بە قوتابیان دەدات، سەرباری ئەوەی پرەنسیپی پێکەوە ژیان لە کوردستان دووپات دەکەنەوە.

پرسەو سەرەخۆشی

بەناوی خودای گەورە و میهرەبان

بەڕێز مەهدی یوسف

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی مامی بەڕێزتان عەبدولڕەحمان نیعمەت هەرکی- مان پێگەیشت.

هاوبەشی خەمی بەڕێزتان و خانەوادەکەتان و سەرەخۆشی ئاڕاستەی ئێوە و خزم و دۆستانی هەرکیین.

لە خودای گەورە داواکارین ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

انالله وانا الیه راجعون

بارەگای بارزانی

بەشێکی دیکە لە شەقامی 100 مەتری دووبارە قیرتاودەکرێتەوە

سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر، شوفێران لەبارەی دووبارە قیرتاوکردنەوەی بەشێکی شەقامی 100 مەتری شاری هەولێر ئاگادار دەکاتەوە. سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر لە ئاگاداریەکدا ڕایگەیاندووە، ئاگاداری شۆفێرە بەڕێزەکان دەکەینەوە کەوا ئەمشەو ڕێکەوتی 7-6ی4ی 2019 هەڵمەتی دووبارە قیرتاوکردنەوەی شەقامی 100م لە ڕێگای شقلاوە تا ڕێگای کۆیە قۆناغی دووەم دەست پێدەکات. ڕوونیشکراوەتەوە، ئەم شاقامە و ئەندەرپاسی شەقامی 100م بو شۆرش دادەخرێ بۆیە تا دەتوانن ڕێگای تر بەکاربهێنن و دووریکەونەوە لەو شەقامە بۆ کەمکردنەوەی جنجاڵی هاتوچۆ

گەرمیان... باران و لافاو بڕی 124 ملیۆن دینار زیانی بە جووتیاران گیاندووە



بەپێی ڕاگەیەندراوێکی ئیدارەی گەرمیان، باران و لافاو بڕی 124 ملیۆن دیناری بە جووتیارانی سنووری گەرمیان داوە. ئیدارەی گەرمیان لە ڕاگەیەندراوێکدا کە وێنەیەکی بۆ باسنیوز نێردراوە، ڕای گەیاندووە: بەهۆی زۆریی بارانبارین و دروستبوونی لافاو و ناجێگیریی ڕەوشی کەشوهەوای زستان و بەهارەوە، هەندێک نەخۆشی تووشی بەروبومەکانیان بوون لە هەرێمدا و زیانیان پێگەیشتووە. بەپێی ڕاگەیەندراوەکە لە سەرجەم ئەو ناوچانەی گەرمیان کە بەروبومە کشتوکاڵییە وەرزییەکان چێندراون، تیمی تایبەتی سەر بە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کشتوکاڵی گەرمیان چاودێری و بەدواداچوونی مەیدانییان لەخواروو بەنداوەکە بۆ گەشتیاران نەچنە سەیرانگاکانی دوکان و کارەکانیان ڕابگرن. ڕێژین ڕەئووف، بەڕێوبەری گەشتوگوزاری دوکان بە کوردستان 24ی ڕاگەیاندووە، ئاستی ئەو ئاوەی ئێستا لە بەندەکە دەردەچێت، زۆر زیادی کردووە و بووەتە هۆی ژێرئاوکەوتنی مەرس یاخود ئەو شوێنە تایبەتانەی بەلەمەکان گەشتیارانی لێوە سەردەخەن، بۆیە لەبەر بۆ بەرهەمەکان کرووە و دەرکەوتووە زیان بەر بەروبوومەکان کەوتووە. لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەش دراوە کۆی گشتیی زیانەکان زیاتر لە 124 ملیۆن دینارە کە 45 ملیۆن دیناری بە تەنیا لە سنووری کشتوکاڵی شارەدێی قۆرەتوو دایە و زیانەکانیش خۆی دەبینێتەوە لە خەرجییەکانی بنەتۆ و ئامادەکارییەکانی جووتیار لە وەرزی چاندنی بەروبوومدا.

پۆلیسی هەولێر دەستگیرکردنی 21 تاوانباری لەسەر تاوانی جۆراوجۆر ڕاگەیاند



عەمید عەبدولقادر محەمەد، یاریدەدەری بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر، لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا، دەستگیرکردنی 21 تاوانباری ڕاگەیاند.

دوێنێ، کاتژمێر 11ی پێشنیوەڕۆ، پرێسکۆنفرانسێک بۆ یاریدەدەری بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای هەولێر عەمیدی ماف/عەبدولقادر محەمەد حەسەن سەبارەت بە ئاشکراکردنی چەند تاوانێک، کە لە ماوەکانی ڕابردوودا لە شاری هەولێر ڕوویان دابوو، ساز کرا.

پوختەی تاوانەکان بەم شێوەی خوارەوە بوو:

1-کوشتن، تاوانبار (د. ک. ا)تەمەن 26 ساڵ. تاوانبار (پ. م. م) ڕەگەز ئافرەت 38 ساڵ.

ئەم تاوانبارانە هەڵسابوون بە کوشتنی هاوڕێتییەک بە ناوی فەرهاد برایم سمایل لەسەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی لە گەڕەکی هاوکاری. تاوانباران بەندن بەپێی ماددە 406لە ی.س.ع

2- دزی، تاوانبار (ع. ا. ک) تەمەن 23ساڵ. تاوانبار (ع. ک. ع) تەمەن 22 ساڵ. ئەم تاوانبارانە لە ڕێکەوتی 8/1/2019هەڵسابوون بە دزینی بڕێکی زۆری پارەو کارت لە تیم مارت و گەڕەکەکانی لاوان و نوسەران. تاوانباران بەندن بەپێی مادە 443 لە (ی.س.ع).

تاوانبار (د. ق. س) تەمەن 44 ساڵ. ئەم تاوانبارە لە ڕێکەوتی 2/10/2019هەڵسابوو بە دزینی بڕێکی زۆری پارە لە شاری هەولێر. تاوانبار بەندە بەپێی مادە 446 لە (ی.س.ع)،

تاوانبار (ک. ڕ. م) تەمەن 33 ساڵ. تاوانبار (هـ. ج. س) تەمەن 20 ساڵ. تاوانبار (ع. ن. ع) تەمەن 25 ساڵ. ئەم تاوانبارانە هەڵسابوون بە دزینی 5ئۆتۆمبێل لە جۆری کیا بارهەڵگر لە گەڕەکەکانی 5ی حەسارۆک ئاوێنەی شار و شارۆچکەی شاوێس. تاوانباران بەندن بەپێی مادە 446 لە (ی.س.ع)

تاوانبار (س. خ. ی) تەمەن 21 ساڵ. ئەم تاوانبارە لە ڕێکەوتی 2019/3/15 هەڵسابوو بە ئەنجامدانی تاوانی دزی کردن لە چوار ماڵ دزینی و بڕی $ 7500 حەوت هەزار و پێنج سەد دۆلاری ئەمەریکی. تاوانبار بەندە بەپێی مادە 443 لە (ی.س.ع). تاوانبار (م. ع. م) تەمەن 38 ساڵ. تاوانبار (ع. م. ڕ) تەمەن 30 ساڵ. ئەم تاوانبارانە بە ڕەگەز ئێرانین، هەڵسابوون بە تاوانی دزی کردن و فێڵ کردن لە هاوڵاتیان لە کاتی گۆڕینەوەی دراو و ژمارەی پارە لە نێو بازاڕی شاری هەولێر.

تاوانباران بەندن بەپێی مادە 446 لە (ی.س.ع). تاوانبار (م. ع. م) تەمەن 33 ساڵ. ئەم تاوانبارە هەڵسابوو بە دزینی ئۆتۆمبێلێک لە جۆری کیا بارهەڵگر لە قەزای شەقڵاوە. تاوانبار بەندە بەپێی مادە 446 لە (ی.س.ع). تاوانبار (ت. ڕ. ا) تەمەن 25 ساڵ. تاوانبار (ش. ا. س) تەمەن 22ساڵ.

ئەم تاوانبارانە هەڵسابوون بە دزینی دوو ئۆتۆمبێل لە جۆری بی ئێم و مازدا لە فاملی مۆڵ و پارکی شانەدەر. تاوانباران بەندن بەپێی مادە 443 لە (ی.س.ع). تاوانبار (ص. ع. ع) تەمەن 15 ساڵ. ئەم تاوانبارە هەڵسابوو بە دزینی زێڕ و پارە لە 6ماڵ لە ئالتون سیتی. تاوانبار بەندە بەپێی مادە 446 لە (ی.س.ع). تاوانبار (ش. ت. ح) تەمەن 34 ساڵ. ئەم تاوانبارە هەڵسابوو بە دزینی زێڕ و پارەو ماتۆرسکیل لە شارۆچکەی عەنکاوە.تاوانبار بەندە بەپێی مادە 443 لە (ی.س.ع).

3-مادەی هۆشبەر، تاوانبار (ع. ع. ح) تەمەن 31ساڵ. تاوانبار (گ. ا. گ) تەمەن 26 ساڵ. تاوانبار (ک. ا. ا) تەمەن 40 ساڵ. تاوانبار (هـ. ا. ا) تەمەن 38 ساڵ. تاوانبار (ف. ا. ح) تەمەن 20 ساڵ. ئەم تاوانبارانە لە کاتی دەستگیرکردنیان بڕێکی زۆر مادەی هۆشبەریان لەلا بووە. تاوانباران بەندن بەپێی مادە 14 یاسای مادە هۆشبەرەکان.

بۆ ڕاگرتنی پارسەنگی دەریاچەکە ناچارە ئاوی زیاتر بەردراتەوە

دوکان.. زەنگی ئاگادارکردنەوە لێدرا و هۆشداریەکە گەیشتووەتە پلەی (ج)



دوێنێ زەنگی ئاگادارکردنەوە لێدرا بۆ ئەو کەسانەی کە نزیکن لە زێبی بچووک، بۆ ئەوەی دووركەونەوە، چونکە بەڕێوەبەرایەتی بەنداوی دوکان بڕی ئاوی بەردراوەی لە بەندەکە زیاد کرد بۆ سەرووی 800 تا 900 مەتر سێ جا لە چرکەیەکدا. بەرزبوونەوەی ئاوەکە وایکردووە ئاستی هۆشداریەکە گەیشتووەتە پلەی ج، بابەتەکە لە زیانی مادی دەرچووە، هەوڵی ئەوە دەدرێت تەنها زیانی گیانی لێنەکەوێتەوە، دوێنێ تیمەکانی بەرگری شارستانی و شارەوانی و پۆلیس لە دوکان لە کەنار دەریاچەکە بوون و خەڵک لە مەترسییەکان و بەردانەوەی ئاو ئاگادار دەکەنەوە.بەراورد بە دوو هەفتەی پێشوو ئاستی ئاوی دەریاچەی دوکان زۆر زیاتری کردووە، بە سەدان کەپری گەشتیاری لە دوکان ژێر ئاو کەوتوون. ئاماژەی بەوەش دەکرێت، هەوڵدەدرێت ئاستی ئاوی بەردراوە زیاد بکرێت، بۆ ئەوەی نزیک بێت لەگەڵ ئاوی هاتوو بۆ ناو دەریاچەکە، چونکە بەندەکە زیاتر ئاو هەڵناگرێت. پێشتریش سەرۆکایەتیی شارەوانی دوکان ڕایگەیاندبوو، بەردانەوەی ئاو لە بەندەکە زیاد دەکرێت و داواش لە هاوڵاتیان دەکات کە خۆیان بپارێزن و لە ڕۆخی زێبەکە نزیک نەکەونەوە. ئیدارەی قەزای دوکان و سەرۆکایەتی شارەوانی دوکان ئاگاداری هاوڵاتیان و گەشتیارانیان کردۆتەوە، کە دوێنێ شەممە ڕێکەوتی 4/6 /کاژمێر 8ی بەیانی بەندەکە ئاوێکی زیاتر لە پێرێ بەردەوەتەوە و بەم هۆیەشەوە ئاستی ئاوی زێبەکە بەبەراورد بە ڕۆژانی ڕابردوو زیاتر بەرزبۆتەوە. گوتوویەتیشی: هەموو فەرمانگە پەیوەندیدارەکانیش لە حاڵەتی ئامادەباشیدان و هەماهەنگی تەواو کراوە و ئاگادارکرانەتەوە بۆ بەهاناوەچوونی هاوڵاتیان و هەر حاڵەتێکی نەخوازراو. هەروەها سەرۆکایەتی شارەوانی دوکان داوا لە هاوڵاتیان دەکات کە خۆیان بپارێزن و لە ڕۆخی زێبەکە نزیک نەکەونەوە تاکوو هیچ مەترسیەک ڕووبەڕوویان نەبێتەوەو سەلامەت بن. ڕوونیشیکردۆتەوە کە بەندەکە هیچ کێشەیەکی هونەری و تەکنیکی نیە تەنها بۆ ڕاگرتنی پارسەنگی دەریاچەکە ناچارە ئاوی زیاتر بەردەتەوە.

گەشتوگوزاری دوکان هۆشداری بە گەشتیاران و خاوەن بەلەمەکانی گەشتیاری دەکات

هەر بە هۆی زیادبوونی ئاستی ئاوی بەندەکە و مەترسییەکانی لەسەر ماڵ و ژیانی ئەوانەی لە نزیک بەندەکەن، گەشتوگوزاری دوکان هۆشداری لە بەرزبوونەوەی ئاستی ئاوی دوکان دەدات و داواش لە خاوەن بەلەمەکانی گەشتیاری دەکات کارەکانیان ڕابگرن. ئێستا ئاوی دەرچوو لە بەندەکە دەگاتە 700م 3لەهەر چرکەیەک و بەڕێوبەرایەتی گەشتوگوزاری دوکانیش ڕۆژی هەینی ڕێککەوتی 2019/4/5 داوای لە خاوەنی بەلەمە گەشتیاریەکان کردووە، بەهۆی بەرز بوونەوەی ئاستی زۆری زێبەکە، لەخواروی بەندەکە بۆ گەشتیاران نەچنە سەیرانگاکانی دوکان و کارەکانیان ڕابگرن. ڕێژین ڕەئووف، بەڕێوبەری گەشتوگوزاری دوکان بە کوردستان 24ی ڕاگەیاند، ئاستی ئەو ئاوەی ئێستا لە بەندەکە دەردەچێت، زۆر زیادی کردووە و بووەتە هۆی ژێرئاوکەوتنی مەرس یاخود ئەو شوێنە تایبەتانەی بەلەمەکان گەشتیارانی لێوە سەردەخەن، بۆیە لەبەر پاراستنی سەلامەتی گیانی گەشتیاران داوامان لە خاوەن بەلەمە گەشتیاریەکان کردووە بەهیچ جۆرێک گەشتیار سەرنەخەن و کار نەکەن. ئاماژەی بەوەشکرد، بەشێک لە شوێنە گەشتیاریەکان زیانیان پێگەیشتووە و لەئەگەری بەردانەوەی زیاتری ئاوەکە، بەشێکی دیکە لەشوێنە گەشتیاریەکان ئاو دایاندەپۆشێت.


لە یادی 28 ساڵەی داستانی پڕسەروەری کۆڕێ

داستانی کۆڕێ لە بیرەوەری بەشداربووانیدا:

سەرکەوتنی پێشمەرگە لە داستانی کۆڕێدا لەخەیاڵ و مەزندەی دوژمندا نەبوو

خەبات: سەفەر یوسف میرخان ژاژوکی

لە داستانی شەڕی کۆڕێ کە لە سەرەتای مانگی نیسانی ساڵی 1991دا بەرپا بوو، هێزەکانی پێشمەرگە توانیان بە سەر سوپای دوژمندا سەرکەون و بەمەش هاوسەنگی هێزەکان، پارسەنگیان بەلای قازانجی هێزی گەلەکەماندا شکایەوە و لەنگەری کوردیان بەرەو ئارامی وهێمنی گەیاند. پاش ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان لە بەهاری 1991دا و دوای ئەو هێرشەی سوپای حکومەت لە زاخۆوە تا سلێمانی سەرانسەری کوردستانی گرتەوە، لەم ڕووە کۆچڕەو وێڕدانی مرۆڤایەتی هەژاند، ئەوە بوو نەتەوە یەکگرتووەکانی بڕیاری 688ی بۆ پاراستنی گەلی کورد دەرکرد. لە 28ەمین ساڵیادی ئەم داستانە مەزندا، ڕۆژنامەی خەبات بە باشی زانی (لە ئەرشیفی خۆیەوە) چەند یادگارییەکی بەشداربوانی ئەو داستانە بۆ خوێنەرانی ئازیز بخاتەروو:






جەنابی سەروک (بارزانی)لە گەڵ شەهیدی فەرماندە (حاڵی دۆڵەمەری)

شەهیدی فەرماندە (د.سەعید ئەحماد نادر)



شەهیدی فەرماندە (عوسمان پیرانی)



شەهیدی قارەمان(محەمەدئەمین بابکەیی)



شەهیدی قارەمان(عەلی سلێمان بابکەیی)



عومەر عوسمان مێرگەسۆری

هێزی حکومەت یەکسەر لە هاوینە هەواری سەلاحەدینەوە بەرەو کۆڕێ هێرش بێنێت، بۆیە هەر کە گەیشتینە حوجران، دەم و دەست هێزی حکومەت هێرشی هێناو دەیویست پێشڕەوی بکات و نەهێڵێت ئێمە لە دەربەندی کۆڕێ سەنگەر دابنێین. ئەوە بوو کاتژمێری سێ و نیو بوو گەیشتینە حوجران و زۆرمان برسی بوو، ڕۆژی پێشتر نانمان نەخواردبوو. هەموو پێشمەرگەکان ماندوو بوون، ئەو کاتە حەمید ئەفەندی گوتی با بەشێک لە پێشمەرگە سەر بکەون و ئەو شاخانە بگرن و لەوێوە چاودێری و بەرگری بکەن. ، جارێکی دیکە لە لایەن بەرێز حەمید ئەفەندییەوە فەرمانمان بۆ هات کە سەنگەر بگرین، ناچار ئێمەش بە سکی برسی چووینە ناو سەنگەرەوە، پێشتریش ئاگادار کرابووینەوە کە ڕژێم هێرشی بەرەو کۆڕێ و دەربەندی کۆڕێ دەست پێکردووە و پێشڕەوی دەکات. کاتێک تەماشامان کرد هەر لە هاوینە هەواری سەلاحەدینەوە تا دەگەیشتە کۆڕێ بە هەزاران سەربازی حکومەت یەک لە دووی یەک بوون و نۆ بەرچاو دەگرت. پێشمەرگەکەکانیشمان زۆر بەسەبر و تەحمول بوونەو سەربان لە بەردەم دوژمن دا دانەنەواندوە و بەرژەوەندی پارتی و سەرکردایەتییان لەبەرچاو گرتووە ئەو کەسە لە لایەن سەرۆک بارزانییەوە ڕێز لێدەگیرا کە خزمەتکاری گەل و پێشمەرگە بوو، لە لایەکی دیکەوە بارزانیی نەمر دەیفەرمود: "ئەو کەسە ئازا و لێهاتووە کە دەستێک لە دوژمن بوەشێنێت و بە سەلامەتی بگەڕێتەوە". بۆیە بەردەوام ڕاسپاردەی بارزانیی نەمر ئەوە بوو کە "خۆتان بپارێزن".

دەربارەی دەسپێکی داستانی کۆڕێ (د.سەعید ئەحمەد نادر) گوتی: ئەوەی ڕاستی بێت، لە ڕۆژی 31ی ئاداری ساڵی 1991سوپای حکومەت هەر لە دەڤەری بادینانەوە تا سلێمانی هێرشێکی بەربڵاوی کردە سەر کوردستان و کۆڕەوی یەک ملیۆنی دەستی پێکرد، لە هەموو بەرەکانەوە دوژمن پێشڕەوی کرد و لە بەرەی هەولێرێشەوە، بەرەی ئێمە بوو هاتە پێشەوە. ئەو کاتە سوپاکەی ئێمە هاتبووە هاوینەهەواری سەلاحەدین تا بەرەنگاری دوژمن ببینەوە و دەستێکی لێ بوەشێنین و ڕێ نەدەین بێتە پێشەوە. ئەو کاتە هێزی بارزان یەکێک بوو لەو هێزانەی کە خۆی بۆ بەرگری کردن ئامادە دەکرد، چونکە هێزێکی باش هاتبووە هاوینە هەواری سەلاحەدین بۆ بەرگری کردن، ئەوە بوو لە ڕۆژی 7ی نیسانی 1991دا هەوالمان پێگەیشت کە حکومەت هێرشی دەست پێکردووە، ئێمەش خۆمان بۆ بەرگری کردن ئامادە کرد، ئەوە بوو حکومەت بە هەزاران سەربازی لە گەڵ تانک و تۆپ دا ناردبوو، جگە لەوەی هیلیکۆپتەریشیان لە گەڵدا بوو، دوای شەڕێکی گەلێک قورس کەلە کاتژمێری حەوتی بەیانییەوە تا دوازدە و نیوی نیوەڕۆی خایاند. لە قۆڵی دەستە ڕاستی هاوینە هەواری سەلاحەدینەوە هێزی بارزانی لێ بوو کە لە گەڵ هێزەکانی ڕژێمدا کەوتە شەڕێکی قورسەوە. ئەوە بوو پاش پتر لە شەش سەعات بەرچاو دەگرت. پێشمەرگەکەکانیشمان زۆر بەسەبر و تەحمول بوونەو سەربان لە بەردەم دوژمن دا دانەنەواندوە و بەرژەوەندی پارتی و سەرکردایەتییان لەبەرچاو گرتووە ئەو کەسە لە لایەن سەرۆک بارزانییەوە ڕێز لێدەگیرا کە خزمەتکاری گەل و پێشمەرگە بوو، لە لایەکی دیکەوە بارزانیی نەمر دەیفەرمود: "ئەو کەسە ئازا و لێهاتووە کە دەستێک لە دوژمن بوەشێنێت و بە سەلامەتی بگەڕێتەوە". بۆیە بەردەوام ڕاسپاردەی بارزانیی نەمر ئەوە بوو کە "خۆتان بپارێزن".

دەربارەی دەسپێکی داستانی کۆڕێ (د.سەعید ئەحمەد نادر) گوتی: ئەوەی ڕاستی بێت، لە ڕۆژی 31ی ئاداری ساڵی 1991سوپای حکومەت هەر لە دەڤەری بادینانەوە تا سلێمانی هێرشێکی بەربڵاوی کردە سەر کوردستان و کۆڕەوی یەک ملیۆنی دەستی پێکرد، لە هەموو بەرەکانەوە دوژمن پێشڕەوی کرد و لە بەرەی هەولێرێشەوە، بەرەی ئێمە بوو هاتە پێشەوە. ئەو کاتە سوپاکەی ئێمە هاتبووە هاوینەهەواری سەلاحەدین تا بەرەنگاری دوژمن ببینەوە و دەستێکی لێ بوەشێنین و ڕێ نەدەین بێتە پێشەوە. ئەو کاتە هێزی بارزان یەکێک بوو لەو هێزانەی کە خۆی بۆ بەرگری کردن ئامادە دەکرد، چونکە هێزێکی باش هاتبووە هاوینە هەواری سەلاحەدین بۆ بەرگری کردن، ئەوە بوو لە ڕۆژی 7ی نیسانی 1991دا هەوالمان پێگەیشت کە حکومەت هێرشی دەست پێکردووە، ئێمەش خۆمان بۆ بەرگری کردن ئامادە کرد، ئەوە بوو حکومەت بە هەزاران سەربازی لە گەڵ تانک و تۆپ دا ناردبوو، جگە لەوەی هیلیکۆپتەریشیان لە گەڵدا بوو، دوای شەڕێکی گەلێک قورس کەلە کاتژمێری حەوتی بەیانییەوە تا دوازدە و نیوی نیوەڕۆی خایاند. لە قۆڵی دەستە ڕاستی هاوینە هەواری سەلاحەدینەوە هێزی بارزانی لێ بوو کە لە گەڵ هێزەکانی ڕژێمدا کەوتە شەڕێکی قورسەوە. ئەوە بوو پاش پتر لە شەش سەعات تانک و تۆپ دا ناردبوو، جگە لەوەی هیلیکۆپتەریشیان لە گەڵدا بوو، دوای شەڕێکی گەلێک قورس کەلە کاتژمێری حەوتی بەیانییەوە تا دوازدە و نیوی نیوەڕۆی خایاند. لە قۆڵی دەستە ڕاستی هاوینە هەواری سەلاحەدینەوە هێزی بارزانی لێ بوو کە لە گەڵ هێزەکانی ڕژێمدا کەوتە شەڕێکی قورسەوە. ئەوە بوو پاش پتر لە شەش سەعات



بەرگری کردن، هێرشی دوژمن لە هەموو لایەکەوە بەردەوام بوو، بۆیە ئێمە بەرپرسانی هێزی بارزان لە قۆڵی ڕاستەوە کۆبووینەوە، ئەوەمان بەباش زانی کە هێزەکەی خۆمان بۆ حجران یان دەربەندی کۆڕێ پاشەکشە پێ بکەین، تا لەوێ چەپەڕێکی دیکەی پتەو دامەزرێنین و بتوانین بەرانبەر بە سوپای حکومەت باشتر بەرگری لە خۆمان و لە خاکی کوردستان بکەین. لە ڕاستیدا ئێمە بیرمان بۆ ئەوە نەچوو کە دوژمن هەوڵبژاردو خۆیان بە دەستی هێزی دوژمنەوە نەدابوو، جارێکی دیکە بکەونەوە ژێر ئازارو ئەشکەنجە. بۆیە ئێمە هەموومان پێکەوە بڕیارمان دا کە بارودۆخی لەو چەشنە قبوڵ نەکەین، بڕیاری مردنمان دا، بڕیاری سەرکەوتن یان مردن، بۆیە هەموو پێکەوە کۆبووینەوە و هێرشمان بردە سەر دوژمن و ئەو ڕۆژەمان وەک ڕۆژی حەشر دەهاتە پێش چاو، کارەساتێکی وامان بە سەر هێزی دوژمن هێنا کە لاشەیەکی زۆری سەربازانی سوپای ڕژێمی بەعس لە گۆڕەپانی شەڕدا بە جێ مان. بەو نێوەڕۆیە ئاگر و ئاسنمان بە سەریاندا باراند، لەو شەڕەدا هێزەکەی حاڵی دۆڵەمەری لە گەڵ ئێمەدا بەشدار بوون و ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو.

لە بارەی دەستپێکی شەڕی یەکەمی داستانی کۆڕێ و لەشەڕی دووەمی داستانی کۆڕێ شەهیدی فەرماندە(عوسمان پیرانی) جێگری فەرماندەی بارزان کە بەشداربووی داستانی کۆڕێ بووە، بەداخەوە لە 11- 2015لە گوندی سولتان عەبدوڵلا دوای شەڕێکی سەخت لەگەڵ تیرۆریستانی (داعش) ئەم تێکۆشەرە گیانی خۆی فیدای خاک و نەتەوە و ڕێبازەکەی دەکات و شەهیدبوو. لە ساڵی 2007 لە میانەی چاوپێکەوتنێکدا کە لە ڕۆژنامەی خەبات بڵاو بۆتەوە ، شەهیدی فەرماندە بەم شێوەیە باسی لە یادگارییەکانی لە شەڕی کۆڕێ کردووە.

لەبەرەبەیانی ڕۆژی 7ی نیسان کە دوژمن بە هەموو هێزە و تانکیشیان لە گەڵدا بووکە بەرەو سەنگەری پێشمەرگە دەهاتن، لەو کاتانەیشدا خەڵکی ڕەش و ڕووتی کوردستان بە پێ خواسی لەبەر دەستی زەبری دەستدرێژی هەڵ دەهاتن و هەندێکیشیان کارێگەری دەربازبوونیان نەمابوو خۆیان بە دەستەوە دەدا، ئەو دێمەنە وێڕدانی مرۆڤی دەهەژاند، بۆیە ئەمە وای دەکرد مرۆڤ گیانی خۆی بکاتە قوربانی و ڕێ نەدات ئەو لاو پیرو منداڵانە کە ڕێ بە ڕژێمی عێراق درابوو کە هێزەکانی بە کار بێنێت لە کاتێکدا، کە هیچ کەسێک پشتگیری هێزی چەکدارەکانی کوردستانی نەدەکرد و هەروەها ترسێکی زۆر لە سوپای ڕژێم هەبوو، ترسی بۆمبارانی کیمیایی هەبوو،چونکە ڕژێم ئەو ڕابردووە ڕەشەی هەبوو دڕندایەتی ڕژێم و هێزە چەکدارەکانی ناوبانگی لە ناو گشت ڕۆڵەکانی کوردستان بڵاوببوویەوە، هەروەها شەڕی دەروونی کارێگەری زۆری سەر تاکی کورد، هێزی پێشمەرگەی کۆن و فیداکار بە هۆی ڕاپەڕینەوە پەرت و بڵاوببوویەوە و تێکەڵاوی جەماوەری سیڤیل ببوون شێتوازی تەنزیی لەشکر وەکو جاران کە لە دەرەوی شارەکان بوو لە کاتی شۆڕشدا وەک خۆی نەما، کەسانێک تێکەڵاوی لەشکر ببوون. کە ڕۆحی فیداکارییان لاوزا یان باوەڕیان لاواز بوو بە هۆی کاری تایبەتی خۆیان ببوون بە پێشمەرگە، دوژمن لە مەعەسکەر خالیدی کەرکووکەوە تا گەیشتە کۆڕێ تووشی بەرەنگارییەکی ئەوتۆ نەبوو کە لە کۆڕێ تووش هات، لەبارەی شەڕی یەکەمی داستانی کۆڕێ بەڕاستی چاوەڕوانی ئەوەمان نەبوو دوژمن بەو خێراییە لە مەسیف دابەزێ.. ئێمە بەڕوە سەر مەیدان چووین و لە دوورپانی کاوانیان گەیشتینە حەمید ئەفەندی و شەهید حاڵی دۆڵەمەڕی و تیان، چ خەبەرە؟ پێم وتن، مەسیف گیرا و هێزەکانی هەندێک لە کۆڕێیەو ئەویتریش وا ئەڕوات و خۆی ناگرێ، ئێمەش ئەچین ئەو بریندارانەی بەڕێ بکەین، وتیان، کارێکی باشە تکایە ئەو بکەن. پاش ئەوەی بەڕێکردنی بریندارەکان و پشوودانێکی کەم لەگەڵ کاک(خالد ئاژگەیی) گەیشتینە دەربەندەکە و بەتەقە کاک حەمید ئەفەندی و شەهید حاڵی و د.سەعید ئەحمەد نادر لەسەر قەبرستانەکە بوون.. من گورج خۆم گەیاندە لایان و کاک خالید ئاژگەیی بەردەوە دەربەند ڕۆیشت و چەند تەقەیەکی کرد، پاش چەند ئارپی چی وەشاندێک تانکەکان کشانەوە و یەک دوو تانک شکان و دوژمن کشایەوە، دواتر بۆ میژوو دەڵێم ژمارەیەکی زۆر کەم لە پێشمەرگەکانی قوەتی بارزان لەگەڵ د.سەعید ئەحمەد و چەند پێشمەرگەیەکی هێزی حاڵی دۆڵەمەری ئەو بەرگرییەیان کرد و ئەم بەرگریە دەستپێکی داستانی کۆڕێ -7 1991-4بوو کە کەسی تر لەو ناوە نەبوو. ئێمە هەر چوارمان پێکەوە لەگەڵ چەند پێشمەرگە چووینە سەر ئەو ڕەیەی ناو قەبرستانی دەربەندی کۆڕێ بەرامبەر حوجران، لەو کاتەدا کاک کۆسرەت ڕەسوڵ لە لای حوجرانەوە هاتنە لامان و کاک کۆسرەت گوتی: "بارزانییەکان ئیسپاتان کردەوە کوڕی ڕۆژی تەنگانەن..". هەر لەوی دانیشتین بۆ قۆناغی دووەمی داستانی کۆڕێ جەبهەکەمان دابەش کرد.





16هەمین ساڵیادی قوربانیدانی پۆلێک شەهید و بریندارببوونی فەرماندە وەجیە بارزانی



خەبات: سەفەر یوسف میرخان ژاژۆکی

ئەمڕۆی کوردستان بەرهەمی خەباتی پێشمەرگەیە کە هەمیشە گیانفیدانە بۆ خاک و نەتەوەیان، ئەگەر سەیری لاپەڕەکانی کوردستان بکەین کە بۆ پاراستنی کوردستان پێشمەرگە هەمیشە لە پێش دایە و هەردەم ئامادەیە ژیانی خۆیان پێشکەش بکەن و هەتابوونە قوربانی خاکی کوردستان و شەهید بوون. هەرلەسەرتای بزاڤی ریزگاریخوازیی کورد تاکو ئەمڕۆ ڕێبازی بارزانی بەردەوام بووە لە خۆگۆڕی کردن و قوربانیدان لە پێناوی پاراستنی مافەکانی خەڵکی کوردستان و ئازادی و سەربەخۆیی خاکی کوردستان، هەڵبەت پڕۆسەی ئازادکردنی عێراق و شکاندنی دێوەزمەی (داعش) و بەرگری و قوربانیدان لە شەڕی پەردێ و سحێلا و مەحمودیە و زووماڕ راستی قوربانیدانی پارتی و ڕێبازی بارزانی لە پێناو خاک و خەڵکی کوردستان دەخاتە ڕوو کە نکوڵی لێ ناکرێ.



ئەمڕۆ یادی یەکێک لەو داستانانە دەکەین کە پۆلێک پێشمەرگە بە هاوسەنگەریی فەرماندەی لێهاتوو (وەجیە بارزانی) لە پرۆسەی ئازاد کردنی عێراق لەدەست ڕژێمی بەعسی سەدامی فاشی کە خۆیان کردە فیداکار و قوربانی لەپێناو رزگاری و ئازاد بوونی خاکی کورستان. لەو ڕۆژەدا 6-4-2003لە میحوەری دیبەگە ژ مەخموور کاتێک پێشمەرگەکانی پارتی و بارزانی بە سەرکردایەتی فەرماندە (وەجیە بارزانی) فەرماندەی لەشکری تایبەتی 1ئەوکات، خۆی و پێشمەرگەکانی لە هەڵمەتی رزگار کردنی بست بەبستی خاکی کوردستان بوون و بەردەوام سەرکەوتن دوای سەرکەوتنیان بەدەست دەهێنا... لەو ڕۆژەدا 6-4-2003کاتێک دووفڕۆکە ئەمەریکی لە جۆری F14کە مولگەکانی بەهاوکار و هەماهەنگی پێشمەرگەی کوردستان مۆڵگەکانی ڕژێمی بەعس سەدامیان بۆردەومان دەکرد، لەوکاتەدا بەهەڵەی عەسکەری موشەکێک ئاراستەی هێزی پێشمەرگە دەکەن و لە ئاکامدا 17 پێشمەرگەی تێکۆشەر و خەباتگێر شەهید دەبن بەناوی (شەهید میرخان بێدارونی، شەهید سەفەر میرزائاغا مێرگەسۆری، شەهید ڕەشوخان ئاڤدەل هەرکی، شەهید عەبدوڵلا شەریف کرکەمۆیی، شەهید کامەران عەلی مەحمود، شەهید حادێ سلێمان حادێ ?شەهید سەمیر سەعید ئەسعەد، شەهید سەردار ڕەشید محەمەد، شەهید شاپەندەر محەمەدئەمین زێرۆ، شەهید نیاز ڕەحمان عەولا،شەهید خورشید سالح محەمەدئەمین، شەهیدمحەمەد وەسمان حەمەد، شەهید محەمەد حەمەد مستەفا، شەهید تەحسین سمکۆ محەمەد، شەهید وەلید جەمال عەولا،شەهید عوسمان عەبدوڵلا بەهرام، شەهیدی وشە کامەران عەبدلڕەزاق ڕۆژنامەنووس).

هەر لەم ڕووداوە دڵتەزێنەدا 49پێشمەرگەی دیکە بریندار دەبن کە لەناویاندا فەرماندەی ئازا و لیهاتوو (وەجیە بارزانی و مەنسوربارزانی) بوون، بریندەکانی فەرماندەی ئازا (وەجیە بارزانی) زۆر سەخت بوون بەجۆرێک بۆ چارەسەری ڕەوانەی دەرەوەی کوردستان کرا، فەرماندە وەجیە بارزانی هەمیشە بە هەمان ڕۆحیەتی کوردایەتی لەسەر ڕێبازی باوکی بارزانیی نەمرو بنەماڵەی خەباتکاریان بووە و هەر لە تەمەنی لاویەتی فەرماندە (وەجیە بارزانی) بوویتە پێشمەرگەی کوردستان کە هەموو ئاواتی ئەو بووە بە پێشمەرگایەتی خزمەت بە کوردستان بکات. (وەجیە بارزانی) فەرماندەیەکی گەنج و لێهاتوو و چاونەترس بوو، هەمیشە ئامادە دەبوو لەهەر شوێنێک و هەر سەنگەرێک کە گوشار و مەترسی سەربازی لەسەر بوایە، ئەو(وەجیە بارزانی) بەردەوام ڕاستەوخۆ شان بەشانی پێشمەرگە لەسەنگەرەکانی پێشەوەی ڕزگارکردنی کوردستان ووە و ڕۆڵی ڕاستەوخۆ و گرنگی هەبووە لە سەرکەوتنەکاندا.

ئەم ڕووداوە لە کوردستان و عێراق و تەواوی جیهان دەنگی دایەوە و و بە نسکۆیەکی لۆجستی و هەواڵگری و تەکنیکی هێزی هاوپەیمان لە قەڵەم درا، لە پڕۆسەی ئازاد کردنی عێراقدا. دوابەدوای ئازاد کردنی عێراق لە ڕێوردەسمێکی فەرمی و شایستەدا وەزارەتی بەرگری ئەمریکا مەدالیای ئازایەتی و شایستەیان پێشکەش بە فەرماندە (وەجیە بارزانی) کرد، بەرامبەر ڕۆڵی ئازایەت و فیداکاری (وەجیە بارزانی) لە پڕۆسەی ئازاد کردنی عێراق لە کوردستاندا. ئەمڕۆش بۆ هەموو جیهان ئاشکرا و ڕوونە کە پێشمەرگەکان بە هەمان هەستی دوێنی و جاران ئامادەی پاراستنی خاکی خۆیە و پابەند و لە چاوەڕوانی فەرمانەکانی جەنابی سەرۆک بارزانی دان و ئامادەن بۆ هەر گیانفیدا و قوربانیدانێک لە پێواو پاراستن و ئازادی و سەربەخۆی کوردستان . ئەمڕۆ کە یادی 16ساڵەی شەهید بوونی ئەو پۆلە پێشمەرگانە و یادی بریندارببوونی فەرماندە (وەجیە بارزانی) سەری ڕێز و نوازش بۆ گیانی شەهیدان دادەنوێنین، دەستی برایەتی و خۆشەویستی و شانازی فەرماندە (وەجیە بارزانی) دەکوشین و بەردەوام شانازی بە هەڵمەت و هەڵوێستە شێرانە و جوامێرانەکانی دەکەین. هەمیشە ساڵانە یادی ئەم داستانە گەورەیە دەکەین و هەردەم ئەو پۆلەشەهیدانە یاد دەکەینەوە بۆ ئەوەی نەوەکانی داهاتووی کوردستان ئاشنا بکەین پەرلەمان و حکوومەت و ئارامامی و دەسکەوتەکانی ئەمڕۆ، ئەنجامی قوربانیدانی هەزاران شهیدانە. لە یادی 16ساڵەی شەهیدبوونی پۆلێک پێشمەرگە و بریندارببوونی فەرماندە (وەجیە بارزانی) هەزاران سڵاو لە گیانی شەهیدانی ڕێگای ئازادی کوردستان، سەروەریان بارزانیی نەمر و کاک ئیدریسی هەمیشە لە یاد.



وون بوون

ناسنامەی نەرمین خان اودل فاخر عبدالرحمن لە پەیانگای تەکنەلۆجی هەولێر بەشی ڕێگاوبان قۆناغی یەکەم وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەچوونی.

***

وون بوون

ناسنامەی کۆڵێژی پەروەردە بەشی زمانی کوردی زانکۆی صلاح الدین بەناوی شوخان شورش محمد احمد وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

راستەکەن

درۆژنامە خەبات یا ژمارە (٥٧٢٣) ل ٢٠١٩/٤/٤ لاپەڕێ (١٠) ئاگەهداریا دادگەها بەرایی زاخو یا ژمارە ٢٠١٨/ب/٤٥٢ ل ٢٠١٩/٣/٢٨ بشاشیفە کریە (شورڤان عبدالحکیم علی) خەلەتە یا دروست (شورشڤان عبدالحکیم علی) بوزانین.

***

المديرية العامة للدوائر العدلية
مديرية تنفيذ زاخو
العدد/ ٥٠٨/تنفيذ/٢٠١٧
التاريخ/ ٢٠١٩/٣/٣١
اعلان

قررت هذه المديرية الاعلان عن بيع نصف العقار المرقمة ٢٨٢٩/٣ مقاطعة ١٣ تلكبير) الواقع في منطقه زاخو المسجل باسم المدين (ماهر عبيد سعيد) و المحجوز لقاء دين الدائن (شركة اياد ميرو) و البالغ (٢٣٠٠٠٠٠٠) ثلاثون و عشرون مليون دينار عراقي، فعلى الراغب بالشراء مراجعة هذه المديرية خلال مدة ٣٠ ثلاثون يوما تبدا من اليوم التالي للنشر مسطسحبا معه التامينات القانونية البالغة (١٠٪) من قيمة المقدرة البالغة (٤٤٠٠٠٠٠٠) اربعة و اربعون مليون دينار عراقي، علما ان رسم التسجيل و الدلالية تقع على عاتق المشتري.

المواصفات:
١- الموقع: زاخو – تلكبر
٢- المرقم: ٢٨٢٩/٣ مقاطعة ١٣ تلكبر.
٣- الجنس و النوع: دارسكن.
٤- الحدود و الاوصاف: دارسكنى طابقتين/ الطابق الارضي: (غرفة النوم و استقبال و هول و مطبخ و مرافق صحية)
الطابق الاول (ثلاثه غرف النوم و هول و حمام و سويدى مرافق صحية)
٥- المساحة: ١٢٥م٢.
٦- القيمة المقدرة (٤٤٠٠٠٠٠٠) اربعة و اربعون مليون دينار عراقي
المنفذ العدل/ لقمان سامي جميل

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٣
ژمارە:١٢٢٣/ش/٢٠١٩/٣
ڕێکەوت:٢٠١٩/٤/٤
جاردان
بۆ داواڵێکراو (هاوژین خالد عزیز) شوێنی دانیشتنت نادیارە
ئاماژە بە داوای ژمارە (١٢٢٣/ش/٢٠١٩/٣) کە تایبەتە بە داواکار (احمد اسماعیل عبدالله) وە داواڵێکراو (هاوژین خالد عزیز) کە تیایدا داوای (بیننینی منـدال) دەکات لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە، بەپێی نووسراوی ئیشعاری مختاری هەولێر- گەرەکی رزگاری بۆیە دادگا بڕیاریدا بە پێراگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆ و ڕۆژانە بەئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی دادبینی ٢٠١٩/٥/١٦ کاتژمێر ٩ی بەیانی.
دادەر/ خلیل ابراهیم صالحی

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٣
ژمارە:٤٥٠٦/ش/٢٠١٨/٣
ڕێکەوت:٢٠١٩/٤/٤
جاردان
بۆ داواڵێکراو (هاوژین خالد عزیز) شوێنی دانیشتنت نادیارە
دادگا لە داوای ژمارە (٤٥٠٦/ش/٢٠١٨/٣) دادگا بڕیاری دا بڕیاربدا لەسەر (جیابوونەوە) لەم دادگایە لەبەرواری ٢٠١٩/٣/١٩ لەنێوان داواکار (هەلالە یحیی خضر) وە داواڵێکراو (دلشاد بهاء الدین قادر) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری سەربەستی بۆیە دادگا بڕیاری بە پێراگەیاندنت لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆ و ڕۆژانە بەئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی دادبینی ٢٠١٩/٥/١٦ کاتژمێر ١٠ی بەیانی.
دادەر/ خلیل ابراهیم صالحی

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٣
ژمارە:٢٠٨ /ش/٢٠١٩
ڕێکەفت/ ٣ /٤/ ٢٠١٩
ڕاگەهاندن
بو/داواڵێکری (هکار ایوب محمد) ل دیف داخازیا داواکار (زیان محمد سعید علی) وکیشا ژمارا وێ ل سەری دیار کری تێدا داخازا (تفریق للضرر) ژتە کریە وژبەر نەدیار بونا جهێ ئاکنجی بونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بەربژارێ تاخێ (قریە ئافزریك ژوری) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕۆژنامێت ڕۆژانە دا ئامادە بی ل ڕۆژا ٢٠١٩/٤/٢٣ یان بریکارەکێ ژ پێش خوڤە ئامادەبکە وبەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگاتە پا شملی هێتە کرن
القاضی / شکر سلطان عدو

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە /٣٩٢/ت/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٤/٤/٢٠١٩
ئاگاداری
بۆ / قەرزار : ١- عماد عبید ناصر ٢- حامد عبید ناصر ٣- محمد عبید ناصر
لەبەر نەزانین ونەدیاری شوێنت بۆیە بەپێی ماەە (٢٧)ی یاسای جێ بەجێ کردن بریاردرا لە ڕێی ڕۆژنامەیەکی ناوخۆوە پێت ڕابگەیەنین تا لە ماوەی (١٥) ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە بەردەم ئەم بەڕێوەبەرایەتیە نامادەبیت بۆ ئەنجامدانی ڕێکارەکانی جێ بەجێ کردنی دانەوەی قەرزی (صباح میخائیل بنیامین) کە (٢١٧٧١٥٠٠٠) دوو سەد وهفدە مەلیون وحەفت سەد وبازدە هزار دیناری عیراقی یە دەنا بە پێی یاسا ناچاری دانەوەی دەکرێت
جێ بە جێ کاری داد / ریبر سلمان خالد

***

دادگای باری کەسایەتی لە دهوك
ژمارە/ ٢٠٨ /ش/٢٠١٩
ڕێکەفت/ ٣ /٤/ ٢٠١٩
ڕاگەهاندن
بو/داواڵێکری (هکار ایوب محمد) ل دیف داخازیا داواکار (زیان محمد سعید علی) وکیشا ژمارا وێ ل سەری دیار کری تێدا داخازا (تفریق للضرر) ژتە کریە وژبەر نەدیار بونا جهێ ئاکنجی بونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بەربژارێ تاخێ شورش ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕۆژنامێت ڕۆژانە دا ئامادە بی ل ڕۆژا ٢٠١٩/٤/٢٣ یان بریکارەکێ پێش خوڤە ئامادەبکە وبەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن
دادەر/ زیڤان احمد حسین

***

دادگای باری کەسایەتی لە دهوك
ژمارە/ ٢١٠ /ش/٢٠١٩
ڕێکەفت/ ٣ /٤/ ٢٠١٩
ڕاگەهاندن
بو/داواڵێکری (هکار ایوب محمد) ل دیف داخازیا داواکار (زیان محمد سعید علی) وکیشا ژمارا وێ ل سەری دیار کری تێدا داخازا (بژیوی) ژتە کریە وژبەر نەدیار بونا جهێ ئاکنجی بونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بەربژارێ تاخێ شورش ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕۆژنامێت ڕۆژانە دا ئامادە بی ل ڕۆژا ٢٠١٩/٤/٢٣ یان بریکارەکێ پێش خوڤە ئامادەبکە وبەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن
دادەر/ زیڤان احمد حسین

***

ئاگاداری
بۆ گشت لایەن و کەسایەتیە پەیوەندیدارەکان من (پاریزەر / ئاوات عبدالله سعید) کە بەپێی کۆنووسی کۆبونەوەی بریاری خاوەنپشکی (کۆمپانیای ئاکۆ احمد سعدی بۆ بازرگانی گشتی / پرۆژەی تاکەکەس) کە لە ڕۆژی ٢٠١٩/٤/٢ دا بریار دراوە بە دانانم وەك پاکتاوکاری کۆمپانیا . ئاگادارتان دەکەین کە کۆمپانیاکەمان پاکتاو دەکرێ و هەرکەس و لایەنێك پەیوەندی هەیە بە کۆمپانیا یان قەرزی لەلای کۆمپانیا هەیە، ئەوا لە ماوەی (١٠) دە ڕۆژدا پەیوەندی بە پاکتاوکاری کۆمپانیاوە بکات بەمەبەستی یەکلاییکردنەوە.
پاکتاوکار /پاریزەر / ئاوات عبدالله سعید
٠٧٥٠١١١٨١١١

***

دادگای بەرایی هەولێر/٤
ژمارە: ٢٦٦٤/ب/٢٠١٧/٥
ڕێکەوت: ٢٠١٨/٤/٣
جاردان
بۆ/ داواڵێکراو/ قەرداغ منصور بطرس
ئاماژە بە داوای بەرایی ژمارە (٢٦٦٤/ ب/٢٠١٧/٥) کە تۆمارکارابو لەسەرتان لەلایەن داواکار (یوسف عزیز صلیوە) ئەم دادگایە لەڕۆژی (٢٠١٩/٢/٢٥) بەپاشملە بریاری دا بەپابەندکردنت بە (عدم نفاذ تصرف) تان بەرامبەر داواکار یوسف عزیز صلیوە لە فرۆشتنی بەشتان لەمولکی ژمارە (٣٠٤م/٥ عنکاوە) بۆ داواڵێکراوی دووەم (ابراهیم احمد عباس) وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (عنکاوە/ حدیاب) لە ٢٠١٨/١٠/١٨ بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بە پێراگەیاندنت لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە، وە ئێوە مافی تانەی (اعتراض) و تێبەلچوونەوەو پێداچوونەوە تان هەیە لەبریاری نەهاتووی پاشملەی دادگا لەماوەی یاسایی بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت.
دادەر/ محمد بهاء الدین عبدالله

***

دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:٥٤/ك/٢٠١٨
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٣/٢٤
ئاگادارکردنەوە
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (دیمەن عزیز طه)
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی دادگاکەمان بڕیاری لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونتان لە بەردەم ئەم دادگایە لەبەرواری ٢٠١٩/٥/١٩ بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبیت بەرامبەر دادگا.
دادەر / حنان بشیر محمد

***

دادگای کەتنی هەولێر/٣
ژمارە:٢٢٧/ك/٢٠١٩/٣
ڕێکەوت:٢٠١٩/٣/٢٤
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: یونس مصطفی عبدالله
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێتان نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە ١٤٣/ لەیاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی دادگاکەمان بڕیاریدا لەڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونتان لە بەردەم ئەم دادگایە لەبەرواری ٢٠١٩/٥/٢١ بەمەبەستی دادگایی کردنت بەپێی ماددەی ٤٥٦ لەیاسای سزا پێچەوانەوە خۆت بەر پرسیاری بەپێی یاسا.
دادەر/ سرکوت طه رسول

***

دادگای کەتنی هەولێر/٣
ژمارە:١١٤/ك/٢٠١٩/٣
ڕێکەوت:٢٠١٩/٣/٢٤
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: رزگار زیاد قادر
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێتان نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە ١٤٣/ لەیاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی دادگاکەمان بڕیاریدا لەڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونتان لە بەردەم ئەم دادگایە لەکات ژمێر (٩)ی بەیانی لەبەرواری ٢٠١٩/٥/٢١ بەمەبەستی دادگایی کردنت بەپێی ماددەی ٤٥٦ لەیاسای سزا پێچەوانەوە خۆت بەر پرسیاری بەپێی یاسا.
دادەر/ سرکوت طه رسول

***

دادگای کەتنی هەولێر/٣
ژمارە:٧٣/ك/٢٠١٩/٣
ڕێکەوت:٢٠١٩/٣/٢٤
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: علی کاظم خلیل
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێتان نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە ١٤٣/ لەیاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی دادگاکەمان بڕیاریدا لەڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونتان لە بەردەم ئەم دادگایە لەکات ژمێر (٩)ی بەیانی لەبەرواری ٢٠١٩/٥/٢١ بەمەبەستی دادگایی کردنت بەپێی ماددەی ٤٦١ لەیاسای سزا پێچەوانەوە خۆت بەر پرسیاری بەپێی یاسا.
دادەر/ سرکوت طه رسول

***

دادگای کەتنی هەولێر/٣
ژمارە:٢١١/ك/٢٠١٩/٣
ڕێکەوت:٢٠١٩/٣/٢٤
بۆ تۆمەتبارانی هەڵاتوو: بسام کریم عبدالرضا و جمال حسن چلوب و رحمان کریم سلمان
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێتان نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە ١٤٣/ لەیاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی دادگاکەمان بڕیاریدا لەڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارتان بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونتان لە بەردەم ئەم دادگایە لەکات ژمێر (٩)ی بەیانی لەبەرواری ٢٠١٩/٥/٢٢ بەمەبەستی دادگایی کردنتان بەپێی ماددەی ٤٥٦ لەیاسای سزا پێچەوانەوە خۆتان بەر پرسیار بەپێی یاسا.
دادەر/ سرکوت طه رسول

***

دادگای کەتنی هەولێر/٣
ژمارە:١٧٢/ك/٢٠١٩/٣
ڕێکەوت:٢٠١٩/٣/٢٤
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: کۆڤان علی سلیمان
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێتان نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە ١٤٣/ لەیاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی دادگاکەمان بڕیاریدا لەڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونتان لە بەردەم ئەم دادگایە لەکات ژمێر (٩)ی بەیانی لەبەرواری ٢٠١٩/٥/٢١ بەمەبەستی دادگایی کردنت بەپێی ماددەی ٤٥٦ لەیاسای سزا پێچەوانەوە خۆت بەر پرسیاری بەپێی یاسا.
دادەر/ سرکوت طه رسول

***

دادگای کەتنی هەولێر/٣
ژمارە:٣٣٢/ك/٢٠١٩/٣
ڕێکەوت:٢٠١٩/٣/٢٤
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: شاکر ندیم شاکر
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێتان نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە ١٤٣/ لەیاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی دادگاکەمان بڕیاریدا لەڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونتان لە بەردەم ئەم دادگایە لەکات ژمێر (٩)ی بەیانی لەبەرواری ٢٠١٩/٥/٢١ بەمەبەستی دادگایی کردنت بەپێی ماددەی ٤ لەیاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی پێچەوانەوە خۆت بەر پرسیاری بەپێی یاسا.
دادەر/ سرکوت طه رسول

***

دادگای کەتنی هەولێر/٣
ژمارە:١٠٢٩/ك/٢٠١٩/٣
ڕێکەوت:٢٠١٩/٣/٢٤
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: سامان فرهاد ابراهیم
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێتان نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە ١٤٣/ لەیاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی دادگاکەمان بڕیاریدا لەڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارتان بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونتان لە بەردەم ئەم دادگایە لەکات ژمێر (٩)ی بەیانی لەبەرواری ٢٠١٩/٥/٢٦ بەمەبەستی دادگایی کردنت بەپێی ماددەی ٤١٣ لەیاسای سزا پێچەوانەوە خۆت بەر پرسیاری بەپێی یاسا.
دادەر/ سرکوت طه رسول

***

دادگای کەتنی هەریر
ژمارە:٢/ك/٢٠١٩
ڕێکەوت:٢٠١٩/٤/١
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: سویدا بهرام حسن
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێتان نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە ١٤٣/ لەیاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی دادگاکەمان بڕیاریدا لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونتان لە بەردەم ئەم دادگایە لەکات ژمێر (٩)ی بەیانی لەبەرواری ٢٠١٩/٥/١٣ بەمەبەستی دادگایی کردنت بەپێی ماددە ٤ لەیاسای بغاء پێچەوانەوە خۆت بەر پرسیاری بەرامبەر بە یاسا.
دادەر/ شیماء عزیز اسماعیل

***

ئامادەبوونتان لە بەردەم ئەم دادگایە لەکات ژمێر (٩)ی بەیانی لەبەرواری ٢٠١٩/٥/٧ بەمەبەستی دادگایی کردنت بەپێی ماددەی ٤٥٣ لەیاسای سزا پێچەوانەوە خۆت بەر پرسیاری بەپێی یاسا.
دادەر/ سرکوت طه رسول

***

دادگای کەتنی هەولێر/٣
ژمارە:٣٣٢/ك/٢٠١٩/٣
ڕێکەوت:٢٠١٩/٣/٢٤
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: شاکر ندیم شاکر
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێتان نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە ١٤٣/ لەیاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی دادگاکەمان بڕیاریدا لەڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونتان لە بەردەم ئەم دادگایە لەکات ژمێر (٩)ی بەیانی لەبەرواری ٢٠١٩/٥/٢١ بەمەبەستی دادگایی کردنت بەپێی ماددەی ٢ لەیاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی پێچەوانەوە خۆت بەر پرسیاری بەپێی یاسا.
دادەر/ سرکوت طه رسول

***

دادگای کەتنی هەولێر/٣
ژمارە:١٠٢٩/ك/٢٠١٩/٣
ڕێکەوت:٢٠١٩/٣/٢٤
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: سامان فرهاد ابراهیم
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێتان نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە ١٤٣/ لەیاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی دادگاکەمان بڕیاریدا لەڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارتان بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونتان لە بەردەم ئەم دادگایە لەکات ژمێر (٩)ی بەیانی لەبەرواری ٢٠١٩/٥/٢٦ بەمەبەستی دادگایی کردنت بەپێی ماددەی ٤١٣ لەیاسای سزا پێچەوانەوە خۆت بەر پرسیاری بەپێی یاسا.
دادەر/ سرکوت طه رسول

***

دادگای کەتنی هەریر
ژمارە:٢/ك/٢٠١٩
ڕێکەوت:٢٠١٩/٤/١
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: سویدا بهرام حسن
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێتان نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە ١٤٣/ لەیاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی دادگاکەمان بڕیاریدا لەڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونتان لە بەردەم ئەم دادگایە لەکات ژمێر (٩)ی بەیانی لەبەرواری ٢٠١٩/٥/١٣ بەمەبەستی دادگایی کردنت بەپێی ماددە ٤ لەیاسای بغاء پێچەوانەوە خۆت بەر پرسیاری بەرامبەر بە یاسا.
دادەر/ شیماء عزیز اسماعیل

***

DNO
EST - 1971

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بەپێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتووین :

Job Title	CPF Operator
Work Location	Peshkabir Field

Additional Details and requirements

Duties:
- Monitor and check the plant condition and status and operating parameters on site in accordance with set schedules for taking readings, samples and general observation of plant and equipment
- Undertake minor maintenance activities and monitor and maintain a high standard of house-keeping
- Assist in the design and application of process isolations to facilitate the safe execution of maintenance activities
- Management of chemical dosing and stock levels
- Assist the Production Team Leader in gathering the necessary information for daily and weekly reporting
- Seeks process and procedural improvement opportunities

Required Qualifications & Experience:
- Petroleum Institute graduate
- > 5 years oilfield or industrial experience
- Able to speak, read and write Kurdish and English
- Ability to work in a multi-cultural environment
- Ability to work calmly and independently.

Other Requirement:
- Must be available to work on off-shift hours, on a project or emergency basis.
- Other: (preferences) driver's license

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکە ینەوە کۆمپانیای (ئاسمانی کویە) بۆ فرۆشتنی بلیتی فروکەوانی/ سنوردار) بریاری گۆرینی ناوی کۆمپانیای داوە لە کۆمپانیای (ئاسمانی کویە) بۆ کۆمپانیا (SKY KOYA) بۆیە هەر کەسێك ناڕەزایی یان هەر مافێکی لە سەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی سەردانی بەریوە بەرایەتی گشتی تومارکردنی کۆمپانیان بکاتەوە لە (شاری هەولێر - شەقامی ٦٠ م - کۆمەڵگای وەزارەتی بازرگانی وپیشەسازی)

ئاراس رؤوف عارف

بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان / بەوەکالەت

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بە پێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	Maintenance Supervisor
Work Location	Peshkabir Field

Additional Details and requirements

Duties:
- Establishes and updates the short-term maintenance plans for the Peshkabir Site by working closely with the Maintenance Planner
- Inputs to the 14/90 day planning process as required
- Supervises and assigns work activities to Maintenance Team and monitoring the activities as per plan
- Supports the maintenance team with technical and coordination issues
- Promotes accurate reporting and feedback
- Manages the spares purchasing and stock management on the Site
- Oversees the quality of the maintenance activities
- Coaches and mentors the maintenance team in order to develop their abilities

Required Qualifications & Experience:
- Strong mechanical aptitude with the ability and desire to learn
- > 5 years' experience in a general maintenance role
- Ability to interact with staff and others in an open, friendly manner.
- Ability to follow complex instructions with minimal supervision.
- Ability to work independently.
- Good housekeeping skills

Other Requirement:
- Must be available to work on off-shift hours, on a project or emergency basis.
- Other: (preferences) driver's license
- Must speak Kurdish and some English

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بە پێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	Wellhead Operator
Work Location	Peshkabir Field

Additional Details and requirements

Duties:
- Operates valves on the wellhead and associated facilities
- Monitors and checks wells operating conditions on site in accordance with set schedules, including taking samples, recording readings, looking for leaks, checking running conditions of equipment and position of valves etc... Reports any major abnormalities to the Wellhead, Production Team Leader / Test & Pigging Operator Wells.
- Manages chemical injection rates, local stock levels and chemical injection reporting.
- Carries out first level maintenance and housekeeping duties as required, including greasing, replacement of minor parts of equipment etc.
- Prepares equipment for maintenance activities as per maintenance schedule.
- Ensures a high standard of housekeeping is maintained on site.

Oversees tankers loading and unloading operation and relevant log sheet and report as required

Required Qualifications & Experience:
- Petroleum institute graduates / oil field experience
- 5 years practical experience in plant processing.
- Knowledge of wellhead operations
- Able to speak Kurdish and English to a reasonable level
- Experience in the application of Permit to Work systems

Other Requirement:
- Must be available to work on off-shift hours, on a project or emergency basis.
- Other: (preferences) driver's license

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بە پێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	Trainee Mechanical Technician
Work Location	Peshkabir Field

Additional Details and requirements

Duties:
- Supports Mechanical Technicians in the preventive maintenance routines on a variety of static and rotating mechanical equipment including pipework, valves, vessels, generators, pumps, compressors, lifting equipment and wellhead equipment
- Supports trouble-shooting and repair of mechanical equipment
- Helps the Mechanical team in preparing and planning maintenance tasks including ordering spares, support services and developing risk assessments and work permits
- Assists with the test and repair of faulty mechanical components

Required Qualifications & Experience:
- Degree or diploma in Mechanical Engineering
- >1 years' experience
- Ability to understand engineering drawings and technical instruction manuals

Other Requirement:
- Must be available to work on off-shift hours, on a project or emergency basis.
- Other: (preferences) driver's license
- Must speak Kurdish and some English

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بە پێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	Mechanical Technician
Work Location	Peshkabir Field

Additional Details and requirements

Duties:
- Preventive maintenance routines on a variety of static and rotating mechanical equipment including pipework, valves, vessels, generators, pumps, compressors, lifting equipment and wellhead equipment
- Trouble-shooting and repair of mechanical equipment
- Preparing and planning maintenance tasks including ordering spares, support services and developing risk assessments and work permits
- Interface with projects with regard to construction, pre-commissioning and commissioning of new equipment
- Test and repair of faulty mechanical components

Required Qualifications & Experience:
- Degree or diploma in Mechanical Engineering
- Minimum 3 years industrial experience in electrical systems, control systems and PLC's.
- Maintenance experience in the Oil and Gas, Petrochemical or Power Generation industry
- Ability to understand engineering drawings and technical instruction manuals

Other Requirement:
- Must be available to work on off-shift hours, on a project or emergency basis.
- Other: (preferences) driver's license
- Must speak Kurdish and some English

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بە پێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	Trainee E&I Technician
Work Location	Peshkabir Field

Additional Details and requirements

Duties:
- Works with the E&I Technicians on preventive maintenance routines on process control instrumentation and electrical distribution and control systems
- Helps with the installation of temporary electrical power supply and lighting systems
- Supports activities such as trouble-shooting and repair of process control instrumentation and electrical distribution and control systems
- Helps the E&I teams in preparing and planning maintenance tasks including ordering spares, support services and developing risk assessments and work permits
- Helps with the testing and repair of faulty electrical and electronic equipment

Required Qualifications & Experience:
- Degree or diploma in Electrical or Instrumentation and Control
- > 1 years' experience

Other Requirement:
- Must be available to work on off-shift hours, on a project or emergency basis.
- Other: (preferences) driver's license
- Must speak Kurdish and some English

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بە پێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	E&I Technician
Work Location	Peshkabir Field

Additional Details and requirements

Duties:
- Preventive maintenance routines on process control instrumentation and electrical distribution and control systems
- Installation of temporary electrical power supply and lighting systems
- Trouble-shooting and repair of process control instrumentation and electrical distribution and control systems
- Preparing and planning maintenance tasks including ordering spares, support services and developing risk assessments and work permits
- Interface with projects with regard to construction, pre-commissioning and commissioning of new equipment
- Test and repair of faulty electrical and electronic equipment

Required Qualifications & Experience:
- Degree or diploma in Electrical or Instrumentation and Control
- Minimum 3 years industrial experience in electrical systems, control systems and PLC's.
- Maintenance experience in the Oil and Gas, Petrochemical or Power Generation industry

Other Requirement:
- Must be available to work on off-shift hours, on a project or emergency basis.
- Other: (preferences) driver's license
- Must speak Kurdish and some English

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بە پێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	Trainee General Maintenance Technician
Work Location	Peshkabir Field

Additional Details and requirements

Duties:
- Works with the General Maintenance Technician to inspect buildings and other structures to identify defects and then plan and carry our repair work including;
  - o General electrical maintenance on Low Voltage systems
  - o General plumbing maintenance on kitchen and bathroom facilities including the installation of new equipment and the repair of existing equipment
  - o Painting, carpentry and minor civil repair works
- Support the planning of tasks to include procurement of spares, tools and specialist resources and preparation of risk assessments and permits
- Maintain a local store of consumables
- Assist in the supervision of contractors to ensure a high level of safety and quality

Required Qualifications & Experience:
- Diploma in Electrical Engineering/Air conditioning
- Working experience of electricity, carpentry and plumbing
- Knowledge and experience in basic troubleshooting techniques
- Ability to use basic IT systems

Other Requirement:
- Must be available to work on off-shift hours, on a project or emergency basis
- Ability to read and write Kurdish and English
- Other: (preferences) driver's license

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بە پێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	General Maintenance Technician
Work Location	Peshkabir Field

Additional Details and requirements

Duties:
- Inspects buildings and other structures to identify defects and then plan and carry our repair work including;
  - o General electrical maintenance on Low Voltage systems
  - o General plumbing maintenance on kitchen and bathroom facilities including the installation of new equipment and the repair of existing equipment
  - o Painting, carpentry and minor civil repair works
- Planning to include procurement of spares, tools and specialist resources and preparation of risk assessments and permits
- Maintain a local store of consumables
- Supervision of contractors to ensure a high level of safety and quality

Required Qualifications & Experience:
- Diploma in Electrical Engineering/Air conditioning
- > 5 years' experience in a general maintenance role
- Working experience of electricity, carpentry and plumbing
- Knowledge and experience in basic troubleshooting techniques
- Ability to use basic IT systems

Other Requirement:
- Must be available to work on off-shift hours, on a project or emergency basis
- Ability to read and write Kurdish and English
- Other: (preferences) driver's license

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no



قەوقاز...
گۆڕەپانی ململانێی چەند زلهێزێک

ئامادەکردنی: هەندرین شێرزاد

قەوقاز یەکێکە لە گرنگترین ئەو ناوچانەی بوونەتە مایەی ململانێ و پێشبڕکێی هێزە زل و گەورەکان ، بە تایبەتیش ڕووسیا و تورکیا ، لە پاڵ ئەوانیشدا چەند زلهێزێکی دیکەی وەک ئەمەریکا و ئێران و ئیسرائیلیش هەوڵ دەدەن لە ناوچەکە شوێن پێیەک بۆخۆیان بدۆزنەوە، بەو پێیەی قەوقاز پێگەیەکی ستراتیژیی گرنگی هەیە لە نێوان ئاسیا و ئەورووپا، هەروەها خاوەنی یەدەگێکی گەورەی نەوت و غاز و سامانی دیکەی سروشتیە.

ناوچەی قەوقاز

تا ئەمڕۆش ئەو ناوچەیەی کە هەریەکە لە ئەرمینیا و جۆرجیا و ئازەربایجان دەگرێتە خۆی بە قەوقاز ناودەبرێ ، بەشێکی دیکەشی بە قەوقازی ڕوسی ناودەبرێ و ستافرۆپل و داغستان و ئەنگۆشیا و چیچان و قبردەدینۆ بلقاریا و قراتشای چەرکیسیا و ئۆسیتیای باکور و کراسنۆدار کرای و ئەدیگیا دەگرێتەوە ، لەم ناوچەیەدا چەند وڵاتێکی وەک ئۆسیتیای باشوور و ئەبخازیا و قەرەباغ جیابوونەوە و سەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیاندووە بەڵام کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دانی پێدانەناون.

دیمۆگرافیا

دانیشتوانی ناوچەی قەوقاز بە چەندین زمانی جۆراوجۆر قسە دەکەن.

زیاتر لە 50ڕەگەز لەم ناوچەیەدا دەژین.

دانیشتوانی ڕەسەنی ناوچەکە زیاتر لە ڕۆژئاوا و ناوەڕاستی قەوقازدا دەژین ، لەوانە : ئەبخاز و ئەدیگا.

ڕەگەزەکانی تریش بەسەر ڕۆژهەڵاتدا دابەش بوون و بریتین لە : ئەنگۆش و چیچان .

دەرفەتێک بۆ پێشبڕکێکردن

لەوەتەی لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووەوە یەکێتی سۆڤیەت هەڵوەشاوەتەوە و هەریەکە لە جۆرجیا و ئەرمینیا و ئازەربایجان سەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیاندووە ، لەو کاتەشەوە بوونەتە سێگۆشەیەک لە قۆناغی دوای شەڕی سارد و کەوتوونەتە بەر چاوی مۆسکۆ و ئەنقەرە ، بەڵام سەرکردایەتی سیاسی هەردوو وڵات ، بە تایبەتی لە ساڵی 2000ەوە، واتە کە پوتن بۆ جاری یەکەم پۆستی سەرۆکایەتی ڕووسیای وەرگرت و دووساڵ دواتریش ئەردۆگان بوو بە سەرۆک وەزیرانی تورکیا ، لەو کاتەوە هەردوولا هەوڵیان داوە لە جیاتی ململانێ ،سیاسەتی هێمن پەیڕەو بکەن، بەڵکو توانیویانە هاریکاریەکی فرەلایەن لە ناوچەکە بخولقێنن . دەبێ ئەوش بڵێین کە ڕووسیا و تورکیا پەیوەندیی ئاساییان لەگەڵ وڵاتانی قەوقازدا هەیە ، پەیوەندیەکانی نێوان تورکیا و ئازەربایجان و جۆرجیا ئاسایین، جێگیر نین .

ململانێی ڕێڕەوە نەێنیەکان

تورکیا سەرکەوتوو بووە لە هێنانەدی هاوکاریی ئابووری لەگەڵ چەند وڵاتێکی باشووری قەوقاز ، بە تایبەتی ئازەربایجان و جۆرجیا ، ئەوەبوو لە کۆتایی ساڵی 2017هێڵی ئاسنی (باکۆ – تبلیسی – قارس) خستەکار کە درێژیەکەی 486کیلۆمەترە و بەناو 3وڵاتدا تێپەڕ دەبێ و ئەورووپا و چین بەیەکەوە دەبەستێتەوە.



بەڵام لەگەڵ ئەرمینیا هەمیشە لە ناکۆکی بەردەوام دان . لەوڵاش ، پەیوەندیەکانی نێوان ڕووسیا و ئەرمینیا ئاساییں، بەڵام لەگەڵ ئازەربایجان و جۆرجیا بەرزی و نزمی زۆریان تێدەکەوێ و تبلیسی لەبەرامبەر باکۆ پێشانی دەدات ، هەروەها پێدەچێ ڕووسیا ڕۆڵێکی نادیاری لەم ڕووداوانە هەبێ ، بەو پێیەی ئەم هێڵە بەشێکە لە ڕێگای نوێی ئاوریشم و چین لەو کاتەشەوە ڕێگا ئاسنینە تازەکە چوار جار تەقێنراوەتەوە و لەسەر سنورەکانی جۆرجیا چەند شەمەندەفەرێکی بارهەڵگر تەقێنراونەتەوە و 17کەس گیانیان لەدەست داوە . ئەگەرچی ئەم تەقینەوانە لەسەر سنوورەکانی جۆرجیا ڕوویانداوە و قوربانیەکانیش خەڵکی جۆرجیا بوون ، واتە موسوڵمان بوون ، بۆیە پێدەچێ ئەم ڕووداوانە هۆکاری ئاینیان لەدواوە بێ . ئەمەش مانای وایە کە بەشێک لە جۆرجیەکان بەو مساوەمەکرنە ڕازی نین کە بایەخی پێدەدات ، هاوکات ئەم ڕێگا تازەیە خەریکە دەبێتە ئەلتەرناتیڤێک بۆ ڕێڕەوی گواستنەوەی نێودەوڵەتی لە نێوان باکوور و باشوور کە لەلایەن مۆسکۆوە بەڕێوە دەبرێ.

ڕۆڵی ئەرمینیا

ئەرمینیا بە یەکێک لە وڵاتە گرنگەکانی باشووری قەوقاز دادەنرێ ، بەو پێیەی لە ئایندەدا ڕۆڵی گرنگی دەبێ لە دیارکردنی پەیوەندیەکانی نێوان ڕووسیا و تورکیا لە ناوچەی قەوقاز ، لە قۆناغی ئێستاشدا ڕووسیا و ئەرمینیا پەیوەندیی ئاساییان هەیە ، بەڵام لەگەڵ تورکیا ئەو پەیوەندیانە زۆر ناسەقامگیرن . لەوتەی یەریڤان لە ساڵی 1991 سەربەخۆیی لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو ڕاگەیاندووە ، هەوڵی داوە لەگەڵ مۆسکۆ خاوەنی پەیوەندیی ئاسایی بێ ، لەو بارەوە ڕووسیا بنکەیەکی سەربازیی لە ئەرمینیا بونیاد ناوە و هەردوولا لەسەر ئەوە ڕێک کەوتوون کە تا ساڵی 2044بنکەکە بمێنێ .

سەبارەت بە تورکیا و ئەرمینیاش ، هەردوولا ناکۆکیەکی مێژوویی لەنێواندا هەیە و مەسەلەکە زیاتر پەیوەستە بە تۆمەتبارکردنی عوسمانیەکان بە جینۆسایدکردنی ئەرمەن لە ماوەی جەنگی یەکەمی جیهان ، ئەگەرچیش هەردوولا لە ساڵی 2009ڕێکەوتنێکی ئاشتیان مۆر کرد بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هیچ جۆرە پەیوەندیەکی دیبلۆماسیانە لەنێوانیان نیە . بەڵام تورکیا پەیوەندیی تووندوتۆڵی لەگەڵ ئازەربایجان بونیاد ناوە ، ئەو ئازەربایجانەی لەسەر هەرێمی ناگۆرنۆ کاراباخ دوژمنایەتیەکی تووندی لەگەڵ ئازەربایجان هەیە.

ئایندە چی لە هەگبە دایە؟

بە خۆێندنەوەی هەموو بارودۆخەکانی ناوچەکە ، دەگەینە ژمارەیەک دەرەنجام و پێشبینی کە ئەمانەی خوارەوە هەندێکیانن:

تێبینی بوونی ناسەقامگیریەک دەکرێ لە ناوچەکەدا ، بە تایبەتیش لە نێوان ڕووسیا و تورکیا ، بەو پێیەی تورکیا هەوڵی پتەوکردنی بەردەیەکی ئیسلامی دەدات لە قەوقاز.

لە ناوچەکەدا تێکەڵبوونێک لە نێوان جوگرافیای سیاسی و فاکتەری ئاینی لە ئارادایە ، هاوکات یاریزانە بەهێز و توانادارەکان کەوتوونەتە ململانێیەکی جیۆستراتیژیی لە پێناوی کۆنترۆڵکردنی ڕێگە سەرەکیەکانی بازرگانی و ئەو ڕێڕەوانەی داهاتی ئابووری بەرچاویان هەیە .

هەر کاتێک لە ئایندەدا ئەمەریکا و ڕووسیا لەو بارەوە بگەنە ڕێککەوتنێک ، بە دوور نازانرێ هەردوولا کۆنترۆڵکردنی ڕێگە و ڕێڕەوە بازرگانیەکانی جیهان بکەن و دواتر هەوڵی پەراوێزخستنی وڵاتانی دیکە بدەن ، بەمەش ئەو کاتە بە دوور نازانرێ ناوچەی قەوقاز کێشە و ململانێ و تەنانەت تووندوتیژیش بەخۆیەوە ببینێ.



ناسنامەی وڵاتان


دوورگەکانی سیشێل

ناوی فەرمی: کۆماری سیشێل
کیشوەر: ئەفریقیا
سیستەمی دەسەڵات: کۆماری
پایتەخت: ڤیکتۆریا
ڕێکەوتی سەربەخۆیی : مانگی یۆنیۆی 1976 سەربەخۆیی لە کۆمنوێڵسی بەریتانی ڕاگەیاندوە.
ڕووبەر: 460کیلۆمەتر دووجا
ژمارەی دانیشتوان : 80.098کەس
ئاین: 98%کریستیان
دراو: ڕوپیەی سیشێلی
زمان: سیشێلی ، ئینگلیزی ، فەرەنسی
ڕێکەوتی ئەندامێتی لە نەتەوە یەکگرتوەکان : 21-9-1976
پێگەی جوگرافی: ئۆقیانووسی هیندی ، باکوری ڕۆژهەڵاتی مەدەغەشقەر.

مانشێت



سکای نیوز:
سەرۆکی نەمسا ڕایگەیاند کە لە نێو سوپای وڵاتەکەیدا شوێنی کەسانی توندڕەو نابێتەوە.



ڕۆژنامەی حەیات:
تیرێزا مای سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا داوای کرد کشانەوەی وڵاتەکەی لە یەکێتی ئەورووپا تا 30حوزەیرانی داهاتوو دوا بخرێت.



ئەلشەرقولئەوسەت:
ئەمەریکا پێشنیازێکی تورکیای ڕەت کردەوە سەبارەت بە پێکهێنانی لیژنەیەکی هاوبەش بۆ کرپینی سیستەمی موشەکی ئێس. 400



ئیلاف:
لە دانیشتنێکی تایبەتدا ، ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی داوای وەستاندنی هێرشی هێزەکانی خەلیفە حەفتەری کرد بۆ سەر تەرابلوسی پایتەختی لیبیا.



ئەی ئێف پی:
ڕۆژنامەی وۆل ستریت جۆرنالی ئەمەریکی ڕایگەیاند کە واشنتۆن بەنیازە سوپای پاسدارانی ئێران بخاتە لیستی تیرۆر.



فرانس 24:
دادگای نیوزلەندا بڕیاری دا پشکنینی عەقڵی بۆ ئەنجامدەری هێرشەکانی سەر دوو مزگەوتەکە بکرێ .

کۆچەر بیرکار بۆ «خەبات»:

ماتماتیک نایەوێ مێشکێکی زۆر تایبەتی هەبێت بۆ ئەوەی خەریکی زانستی بیرکاری بیت



دیمانە/ ڕۆشنا عەلی - فۆتۆ /هونەرکەمال

کۆچەر بیرکار ئەو گەنجە کوردەی لە 1/8/2018یەکەم کورد بوو کە خەلاتی فیلدزی لە بواری بیرکاریدا وەرگرت، ئەم خەلاتە هاوتایە لەگەڵ خەلاتی نۆبڵی بیرکاری و بەم خەلاتەی هیوای خواست چل ملیۆن کورد دڵخۆش بکات، بیرکار ناوی فەرەیدوون درەخشانییە لە سالّی 1978لە گوندی نێ لە شاری مەریوان لە دایک بووەو وەک خۆی وتی " ژیان و خوێندنیشم هەر لەوێ بووە تا قۆناغی دوا ناوەندی ، لە قۆناغی دوا ناوەندی چومەتە شاری مەریوان دوای ئەویش چومەتە زانکۆی تاران و لەسالّی 2000چوومە وڵاتی بەریتانیا دوای ماوەی یەک سالّ مافی پەنابەرێتیم پێدرا ، بیرکار لە ئێستادا پرۆفیسۆرە لە زانکۆی کامبرێجی بەریتانیا ، لاپەڕەی پەروەردە دیمانەیەکی تایبەتی لەگەڵ بیرکار ڕێکخست .

پاڵپشتی سەرکەوتن

سەرەتا پرسیمان ئایا کێ هاندەری سەرەکی سەرکەوتنەکەی ئێوە بووە چ وەک کەس چ وەک سیستەم و کێتێبێک یان هەر هاندەرێکی تر ؟

باشترین هاندەر بۆمن برا گەورەکەم بووە کە لەگەڵم خوێندویەتی وانەی بیرکاری پێشکەوتوو زیاتری پێ دەوتم و لەوەوە فێر دەبووم بابەتی وەک تەواوکاری و داتاشین کە بەشێک نەبوو لە خوێندنی خۆم لە قۆناغی دوا ناوەندی کە ئەو زۆرترین کاریگەری لەسەر خوێندن و کارکردنم هەبووە ، بۆ خوێندنیش من لە ئێران خوێندومە لە ڕۆژهەلات ئەو کتێبانەی من دەمخوێند لێرە هێشتا نییە ، چونکە لە مەریوان کتێبخانەیەک هەبوو کە کتێبی زۆر باشی تێدا بوو لە بواری بیرکاری .

تێڕوانینی ئێوە بۆ زانستی بیرکاری چییە چۆن بگەینە ئاستێکی بەرز لە زانستی بیرکاری ؟

لای من بیرکاری دوو قۆناغە قۆناغی یەکەم خوێندنەوەی ئەو شتانەیە کە کەسانی تر کردوویانە وەک خوێندنەوەی کتێب و ڕاپۆرت خوێندنەوەی بیرکاری جوان وەک ئەوەی سەردانی شارێکی گەشتیاری و مێژوویی جوان بکەیت لەم گەشتەش باڵەخانەو شوێنی گەشتیاری جوان دەبینیت ، ئەمە قۆناغی یەکەمە تۆ تەنها ئەو شتانە دەبینیت کە خەڵکانێکی تر دروستیان کردووە ، بەڵام قۆناغی دووەمیش وەک ئەوەیە من لە پڕ باڵ بگرم و زۆر زیاتر لە پێشتر شت ببینم کە لەپڕ باڵ دەگری و زۆتر لە پێشتر دەبینی بۆغوومە دەتوانم باڵەخانەو پەیکەری زیاتر ببینم و پەیوەندی نێوانییان تەماشا بکەم شتێیەک دەبینم کە نەمدەتوانی لەسەر زەویەوە ببینم لە زۆر ڕوەوە شیکارکردنی هاوکێشەیەک ، زۆر جار دەکەوێتەوە سەر تێگەیشتنی پەیوەندییەکانی نێوان دوو چەمک دوو تێگەیشتنی جیاواز .

ئایا خوێندنی بیرکاری بە هەرەیان هەوڵدانە شتێیەک هەیە بە ناوی مێشکی بیرکاری؟

بەهەرەیە تارادەیەک و ئەوی تریش هەوڵدانە بیرکاری نایەوێ مێشکێکی زۆر تایبەت هەبێت بۆ ئەوەی خەریکی بیرکاری بیت ، حەزەکە لە پێش مێشکەوەیە ئەگەر حەزەکە هەبێت پێویست بە مێشکێکی تایبەت نابێت .

خەلاتەکەی ئێوە لە چ بوارێکی بیرکاری بوو ئایا لەم سمیناری ئەمرۆ هەست کرد هیچ بیرۆکەیەک هەبێت نزیک لە و بیرۆکەیەی تۆ خەلات لەسەر وەرگرت ؟

خەلاتەکەی من لە بواری هەندەسەی جەبریە لێرە زانستێک نییە یان بیرۆکە نییە لای هیچ کەسێک لەسەر ئەو بوارەی من کارم لەسەر کردووە .

هۆکاری هاتنەوەی ئێوە بۆ کوردستان تەنها ئەو خەلاتە بوو لەلایەن زانکۆی سەلاحەدین یان بۆ پێدانی پۆستێک؟

هۆکاری سەرەکی هاتنەوەم بینینی کوردستان و بینینی کەس و کارەکەم بوو سەردانی زانکۆو قسەکردنمان بوو لە گەڵ پسپۆڕانی بیرکاری و سەردانی زانکۆو بەشەکانی زانستی و بیرکاری بە تایبەتی .

تاچەند شارەزاییتان لە سیستەمی خوێندنی ماتماتیک هەیە لە هەرێمی کوردستان ؟

ئەم سەردانەم بۆ ئەوەیە کە ئەم پێنایسنە دروست بێت بتوانم شارەزایی و زانیاری بە دەستبهێنم لە سەر سیستەمی خوێندنی بیرکاری لە قۆناغەکانی خوێندن تا ئێستا ئەو زانیارییە زۆرم نییە لەسەر وردەکاری خوێندن لە بواری ماتماتیک لە کوردستان .

لە چ ڕوەیەکەوە لەسەر هەمان زانست دەتوانی هاوکار بیت بۆ هەرێمی کوردستان؟

دەتوانم لەگەڵ زانکۆکان کار بکەم و پرۆژەشمان بە دەستەوەیە کە بە چ شێوازێک کار بکەین ، خۆم لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی ترم دەمانەوێت ڕێکخراوێک دابمەزرێنین تایبەت بە پەرە پێدانی خوێندن و زانست لە ناو کوردا چونکە بەڕاستی خوێندن لە کوردستان وەک خوێندنی بالاو لێکۆڵینەوە زۆر زۆر لە دواوەیە هۆکارەکانی هەموومان دەزانین، بەڵام بە دوبارەکردنەوەی ئەو هۆکارانە پێش ناکەوین ناچارین کاری لەسەر بکەین ئەو ڕێکخراوە بەجۆرێک کار بکات زانای داهێنەر دروست بکات ، ئێمە لەو بوارانەیا قسە لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی هەرێم دەکەین.

لە زۆرێک لە خێزانەکان کێشەی بیرکاری هەیە وەک وانە ئایا دەکرێت بڵێین ئەکە هۆکارەکە پەیوەندی بە پرۆگرامەکەوە هەیە یان هۆکارەکە چییە بە بۆچونی ئێوە کە وانەی بیرکاری یەکەم کێشەی وانەکانی خوێندنە ؟

ئەمە شتێیەکە پەیوەندی بە پەروەردەوە هەیە پەروەردەو زانکۆ دوو شتی جیاوازن من ئێستا ناتوانم بیرکاری فیزی منداڵێکی دە ساڵان بکەم دوو شتی جیاوازن، ئەو کەسانەی دەبێت لێکۆڵینەوە لەم لایەنە بکەن دەبێت کەسانێک بن لە پەروەردە بزانن و کاریان لەسەر وتنەوەی وانە ی بیرکاری کردبێت لەو قۆناغانە.

خوێندنی زانست بە زمانی دووەم لەسەرەتاکانی بنەڕەتی و بازنەکانی یەکەم و دووەم تاچەند گونجاوە ؟

ئەمە کێشەیەکی تاڕادەیەک ئاڵۆزە لەبەر چەند هۆیەک یەکێک لەوانە زمانی کوردی تاڕادەیەک ئەوەنە پێش نەکەوتووەتا بتوانرێت زمانی زانست بێت لە زانکۆ و لە زانکۆ بە کوردی بخوێنرێت ؟ زمانی فارسی تا ئاستی دکتۆراش ئەتوانی بە زمانی فارسی بخوێنی، بەڵام زمانی کوردی هێشتا نەگەشتۆتە ئەو ڕادەیە ، لەبەر ئەوە تۆ ناچاری کە چیتە زانکۆ بە ئینگلیزی بخوێنی ، بەر لە زانکۆ بکرێت بە ئینگلیزی کارێکی ئاسان نییە ، لەسەرەتایشدا منداڵێک کە دەست بە خوێندنی زانست دەکات بەزمانی دایک ئاسانترو زووتر فێر دەبێت ، گۆڕینی خوێندن بە زمانی دووەم و لە چ قۆناغێک پێویستی بە لێکۆڵینەوە یەکی زۆر باش هەیە ، لە گەڵ وەزارەتی پەروەردەش قسەمان کردووە دیارە ژمارەیەک لە قوتابخانەکان پرۆگرامی خوێندنییان کردووە بە ئینگلیزی باشتر وایە دراسە بکرێت قۆناێکی دیاریکراو دابنرێت کە لە چ قۆناغێکدا دەست بە خوێندنی زانست بە زمانی دووەم بکرێت کە خۆی لە هەر قۆناغێکدا بگۆڕدرێت کێشە دروست ئەکات .

هەستتان چی بوو لەسەرئەم سەردانەتان بۆ کوردستان و ئەو دکتۆرایەی لەلایەن زانکۆی سەلاحەدینەوە پێتان بەخشرا ؟

زۆر خۆشحاڵ بووم کە دووبارە سەردانی کوردستانم کردەوە، من بەر لە نۆ ساڵ سەردانی کوردستانم کردبوو ئەمە جاری دووەمە زۆر خۆشحاڵیش بووم بەم دکتۆرایە کە تەنها دووسێ کەس تا ئێستا ئەم دکتۆرایەی پێبەخشراوە لە زانکۆی سەلاحەدین من خۆشحاڵم کە یەکێک بووم لەوانە .

شیاوی گوتنە ئەنجومەنی زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر لە دانیشتنی ژمارە(٢)ی ڕێکەوتی(٨/١٠/٢٠١٨) بڕیاریدا بڕوانامەی دکتۆرای فەخری بەبەخشێتە زانای گەورەی کورد (پ.د.کۆچەر بیرکار) بەرامبەر وەرگرتنی بەرزترین خەڵاتی میدالیای فیلدز لە بواری ماتماتیک لە سەر ئاستی جیهان .



پەیامنێری خەبات لەگەڵ کۆچەر بیرکار

باشتر وایە لەسەرەتایی منداڵ بە زمانی دایک زانست بخوێنێت و قۆناغێکی گونجاوتر دیاری بکرێت بۆ خوێندن بە زمان دووەم



لە سەنتەری ڕێزشنبیری و کۆمەڵایەتی زانکۆی سەلاحەدین هۆڵێک بەناوی کۆچەر بیرکار کرایەوە

چۆن بوو ئایا تاچەند تەرازووی خوێندن لە سەردەمی ئێوە لاسەنگ بوو ؟

قۆناغی خوێندنی سەرەتای لە ساڵەکانی شێستەکان ,بەرزترین گەورەیی بوو کاتێ مامۆستا بانگی دەکردی فلان کەس هەستە هەرو لە کارگێری گێچی تەختە ڕەش بینە , یان دەیگۆت تێنووسی ڕێنووسەکان بینە لە سەر فلان مێزەیە ,یان وەختی مامۆستا پەڕاوی ئەزموونی مانگانەی پێمان دەدا دەیگۆت هەرو بەسەر قوتابیان دابەش بکە بەراستی هەستمان بە گەورەیی دەکرد ,یان کاتێ مامۆستا دەیگۆت فلان ئەو پەڕاوانەی ئەزموونی مانگانە بدە فلان مامۆستایە لە فلان پۆل ,وەختێ دەچووی لە دەرگای ژوورەکەت دەدا ڕەوالەتی خۆت ڕێکدەخست واهەستت دەکرد نوێنەرێکی بەرزی دەچیت بۆ ئەنجامدانی کارێکی پیرۆز ,یان مامۆستا لە ناو پۆل کەسێکی دەکردە چاودێری نەهێنی واهەستت دەکرد کەسێکی متمانە پێکراو راست گۆیی ,دەزانن ئێمە کێ بووین؟ ئێمە ئەو نەوەیە بووین بە پێیان دەچووینە قوتابخانە بە ساردی زستان گەرمی هاوین , هەر جۆرە جل و بەرگێک لە بەرمان بایە ئاسایی بوو ,نەک وەکو ئەوەی ئێستا دەبێ جلوبەرگیان مودێل و گران بەها بێت ,ئێمە ئەو کەسانە بووین بە شەوان لە بەر ڕۆناهی چراو فانۆسێ وانەی خۆمان دەخوێند ,ئێمە ئەو نەوە بووین نە مامۆستای تایبەتمان هەبوو ,نە مەلزەمەو نە شیکاری پرسیارمان لەبەر دەست بوو نە خولی بەهێزکردن ,ئێمە ئەو نەوە بووین کاتێ ئێمەیان سزا بدابایە مامۆستا دەیگۆت ئەو بابەتەی 10دە جار بنووسنەوە ,ئێمە ئەو قوتابیانە بووین چەند جارەی ژمارەکانمان هەمبوو لەبەر کردبوو , خشتەی لێکدانمان بۆ خوێندن لە شێوەی ناسنامە دروستکردبوو بەردەوام لە پەیڕەومان بوو ,ئێمە ئەو نەوە بووین پرسیارەکانمان لەسەر تەختە ڕەش بەرامبەر قوتابیان شیکار دەکرد لە سەردەمی ئێمە کارەبا نەبوو لە سەر ئاخەبانێ دەنووستین ئەستێرەکان لە ئاسمان دەدەرەوشانەوە برقە برقیان بوو هەندێ جار هەوڵمان دەدا ئەستێرەکان بژمێرین تاکو چاومان دەچوو خەو ,قەمەرە سناعی بەبەر چومان تێدەپەڕی ,ئێمە ئەو نەوەبووین زوو دەنووستین تاکو بەیانی زوو لە خەو ڕابین , نەک وەکو نەوەی ئێستا بە شەوبەخەبەرن و بەرۆژ دەخەون ,ئێمە نەوەیەک بووین لە سەر خۆشەویستی و لێبوردەیی و پێکەوەژیان پەروەردە کرابووین,لە سەردەمی ئێمە پۆلی دووەم و سێیەمی سەرەتایی بووین پۆلی شەشەم بابەتی کۆمەڵاتیان دەخوێند دەیانگۆت عیراق 7هەفت ملیون کەسە , ئێستا ساڵی 2019عیراق خۆی لە 40چل ملیون کەس دەدا ,ئێمە قوتابی ئەو سەردەمە بووین هاوکاری دایک بامبان دەکرد لە ڕاپەڕاندنی کاری ڕۆژانەیان وەکو چوونە بێرو ڕاتەڵاندنی ولاغ چوونە بەربەرخان و بەشەوان دەچووینە شەوینێ و مشک گرتن و بژاری نۆک و بیستان و هەندێ جاریش لە جیاتی دایکمان بە کەرێ دەچووین کەرەتە ئاومان لە کانیێ گوندی دەهینا .

ڕێبەری بیرکاری

مامۆستا دەربارەی ڕێبەری مامۆستای بیرکاری کە ئاماژەی بەوەدا وەک بەرهەمێکی پەروەردەیی ئامادەیکردووە بۆچاپ بەڵام چاپنەکراوە ئەو وتی " ڕێبەری مامۆستای بیرکاری قۆناغی بنەڕەتی بە ڕێگای پەروەردەی گشتی دهۆک ڕەوانەی وەزارەتی پەروەردەم کرد بۆ مەبەستی لە چاپدانی ,لە بەر قەیرانی دارایی چاپنەکرایە ,داو الە دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی خەبات دەکەم لە گۆشەی پەروەردەیی بە زنجیرە لە ڕۆژنامەی خەبات بێتە خوارێ بۆ ئەوەی مامۆستایانی بیرکاری سوودی لێبوەربگرن .

ئامادەکردنی / ڕۆشنا عەلی

ئەزموونی مامۆستایەک

مامۆستا یاسین حەسەن حسێن" ئێمە ئەو نەوەیە بووین نە مامۆستای تایبەتمان هەبوو، نە مەلزەمەو، نەخولی بەهێزکردن و نە شیکاری پرسیارمان لەبەر دەست بوو

ئەزموونی مامۆستایەک گۆشەیەکی هەفتانەی لاپەڕەی پەروەردەو خوێندنە ئەو مامۆستایانە بەسەردەکاتەوە کە تەمەنییان بۆ خزمەتی پیشەیی مامۆستایی و پەروەردە تەرخانکردووەو لەسەردەمێکدا خزمەتییان بە قوتابیان و مندالانی کوردستان کردووە ، ئەزموونی ئەم هەفتەیە ئەزموونی مامۆستا (یاسین حەسەن حسێن) ە کە مامۆستاو سەرپەرشتیاری پەروەردەیی خانەنشینە لە پەروەردەی بەردەڕەش لە قەزای بەردەڕەش لەسالّی 1954لە گوندی زەنگەنان لە قەزای بەردەڕەش لە دایک بووە و لە سالّی 1978وە مامۆستای بیرکارییە خاوەنی 12 کتێبی چاپکراوە.





دنیا بینینی ئێوە بۆ پەروەردە

چۆن کار لەسەر باشترکردنی سیستەمی پەروەردە بکەین بە بۆچونی ئێوە ؟

هەموو تۆژینەوەو شلۆژقەیەک دەبێ لە سەر سێ بنچینەی سەرەکی بە ڕێوبچێت ئەویش بڕیتیە لە دیاری کردنی بابەتێک , دەستنیشانکردنی کێشەکەی و دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو : لێردا چەند پێشنیار و چارەسەر دەخەمە بەر دیدی لایەنی پەیوەندیدار :

سالانە بەرێوەبەرایەتی پەروەردەکانی قەزاو پارێزگاکانی هەرێم هەریەکە بە تەنیا کێشەو پێشنیارەکانی خۆیان بەرزبکەنەوە بۆ وەزارەتی پەروەردە ئەوجا وەزاتی پەروەردە کۆنگرەی ساڵانەی خۆی ئەنجام بدات ڕاپۆرتی پەروەردەکان شلۆژقە بکات چارەی,کێشەکان دەستنیشان بکات سیستەمی سویدی باشترین سیستەمە ، بەڵام لە گەل ژینگەی پەروەردەی کوردستان ناگونجێت لە بەر زۆر هۆیان ، تێپەر بوون لە پۆلی یەکەم نەبێت , هەر قوتابییەک بە پێی ئاستی فێربوونی خۆی دەربچێت بۆ پۆلی دووەم خولی بە هێزکردن بۆ ماموستایان بکرێتەوە هەر یەکە بە پێی پسپوری بابەتی خۆی ،

هۆیەیەکی باخچەی منداڵان لە قوتابخانەکانی گوندەکانی گەورە بێتە کردنەوە ,یەک دوو مامۆستا بێنە راهینان لەسەر چۆنیەتی گوتنەوەی پرۆگرامی باخچەی منداڵان و چۆنیەتی ڕەفتارکردن لەگەڵ منداڵانی باخچەی منداڵان بۆ ئەوەی ,ئامادەبکرێن بۆ پۆلی یەکەمی بنەڕەتی .

ڕۆژانە خۆڕاک بە سەر قوتابیانی بنەڕەتی بێتە دابەشکردن ، پێداویستیەکانی ناو پۆل دابین بکرێت لەگەڵ هۆی فێرکردن بۆ گۆتنەوەی بابەتەکان ، ئەنجومەنێکی پەروەردەیی لە پەروەردەکان بێتە دامەزراندن ، مامۆستای پۆلی یەکەمی بنەڕەتی هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێت , شارەزایی تەواوی هەبێت لەسەر دەرونزانی منداڵ وڕێگاکانی وانە گوتنەوە بۆ پۆلی یەکەم

دەربارەی ڕەوشی پەروەردە لەسەردەمی ئەوان

لەخولی نایابی فوتسالّی کچانی کوردستاندا:

ئافرۆدیت وسەورە گۆڵبارانی هەڵەبجەی شەهید و پیرەمەگروونیان کرد

زانکۆی جیهان لەسەر دەستی چۆمان تووشی یەکەم شکست بوون



ئا: سەرهەنگ نەجمەدین

بەسەرپەرشتی یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان و لە هەفتەی پێنجەمی خولی نایابی فوتسالّی کچانی کوردستاندا، هەینی رابردوو پێنج یاری لەشارەکانی کوردستان ئەنجامدران، لەوانە لەهەڵەبجەی شەهید، هەردوو تیپی فوتسالّی هەڵەبجەی شەهید و ئافرۆدیت ڕووبەرووی یەکتربوونەوە، یارییەکە لەبەرژەوەندی کچانی ئافرۆدیت کۆتایی هات، دوای ئەوەی توانیان بەئەنجامی 4-11گۆڵ سەرکەون بەسەر تیپی کچانی هەڵەبجەی شەهید ، بەم سەرکەوتنە کچانی ئافرۆدیت لەکۆی 4 یاری 12خاڵی کۆکردۆتەوە و لەپلەی یەکەمی ڕیزبەندی گروپی دووەمدا جێگیربووە،

لەیاری دووەمدا کچانی سێمێل و زێرەڤانی لەیارییەکی بەهێزدا بەیەکگەیشتن، یارییەکە بەیەکسانبوونی هەردوولا بەئەنجامی 4-4گۆڵ بەکۆتایی هات و هەر دوولا خاڵێکی یارییەکەی بەرکەوت، بەم ئەنجامە سێمێل بەکۆکردنەوەی 7خاڵ لەپلەی دووەمدا دەبیندرێت، لەبەرانبەردا زێرەڤانی بەکۆکردنەوەی 7خاڵ بەجیاوازی گۆڵ لەگەڵ سێمێل لەپلەی سێیەمدایە.

لەلایەکی دیکەوە لەچۆمان ، کچانی چۆمان پێشوازیان لەکچانی زانکۆی جیهان کرد، بەسەر پەرشتی ڕاهێنەری سەرکەوتوو مامۆستا مەزن تیپی کچانی چۆمان توانیان لەیارییەکی بەهێزدا سەرکەون بەسەر کچانی زانکۆی جیهان، داوی ئەوەی توانیان بەئەنجامی 3-5 گۆڵ لەزانکۆی جیهان ببەنەوە، چۆمان بەلێهاتوویی توانی لەزانکۆی جیهان بباتەوە و 3خاڵی گرینگی لەسەر دەستی ئەو یانەیە وەرگرت، بەم ئەنجامە چۆمان بەکۆکردنەوەی 9خاڵ لەپلەی سێیەمی ڕیزبەندی خولەکەدا دەبیندرێت، لەبەرانبەردا زانکۆی جیهان بەکۆکردنەوەی 9خاڵ لەپلەی دووەمدایە.

یانەی سەورە لەنێو خاک وهاندەرانی خۆی، بەرانبەر یانەی پیرەمەگروون یاریی کرد و تیایدا ئەنجامی یارییەکە لەبەرژەوەندی یانەی سەورە بەکۆتایی هات دوای ئەوەی توانی لەپیرەمەگروون ببات‌ەوە بە 2-11گۆڵ، بەم ئەنجامە سەروە لەکۆی 4یاری 6خاڵی کۆکردۆتەوەو لەپلەی چوارەمدا دەبیندرێت.

ئافرەتانی هەولێر دوور لەهاندەران ویاریگای خۆی، توانی بەئەنجامی 0-5 گۆڵ لەدوکان ببەنەوە و 3خاڵی گرینگی لەسەر دەستی ئەو یانەیە مسۆگەر کرد.

ڕیزبەندی خولەکە تاگەڕی چوارەم بەمشێوەیە دەبێت:

گروپی یەکەم: -1سیروانی نوێ 12 خاڵ-2زانکۆی جیهان 9خاڵ -3چۆمان 9خاڵ

گروپی دووەم: -1ئافرۆدیت 12خاڵ-2سێمێل 7خاڵ-3 زێرەڤانی 7خاڵ

بۆ یەکەمجار لە میژوودا کوردێک بووە ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا



هاوار مورتکەیی

بۆ یەکەمجار لەمێژوودا کوردێک دەبێتە ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا ، دوای ئەوەی لە کۆی 46دەنگ، 37 دەنگ بەدەست دینێت.

لەهەڵبژاردنەکانی یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا کە دوێنێ لە مالیزیا بەڕێوەچوو، عەبدولخالق مەسعوود سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی عێراق بە ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا هەڵبژێردرا، دوای ئەوەی ئەوەی ڕێژەی زیاد لەپێویستی بۆ وەرگرتنی ئەم پۆستە بەدەستهێنا، کە ئەمەش یەکەمجارە لەمێژوودا کوردێک ئەم پۆستە گرنگە بەدەست بهێنێت.

بەڵژیکا لە سەرووی ڕیزبەندی هەڵبژاردەکانی جیهان مایەوە



یەکێتیی تۆپی پێی جیهان (فیفا)، نوێترین ڕیزبەندی باشترین هەڵبژاردەکانی جیهانی ڕاگەیاند. هەڵبژاردەی بەڵژیکا، هەر لە پلەی یەکەم مایەوە، بەڵجیکا بە کۆکردنەوەی 1737خاڵ، لە پلەی یەکەمی باشترین هەڵبژاردەکانی جیهان دێت. هەڵبژاردەی فەرەنسا، پاڵەوانی مۆندیالی 2018لە ڕووسیا، بە جیاوازی تەنیا 3خاڵ و بە کۆکردنەوەی 1734خاڵ، لە پلەی دووەم دێت. هەڵبژاردەی بەرازیل، بە کۆکردنەوەی 1676خاڵ، پلەی سێیەمی ڕیزبەندەکەی گرتووە. هەڵبژاردەی ئینگلتەرا، دوای ئەو ئاستەی لە دوو گەڕی یەکەمی پاڵاوتنەکانی یۆرۆی 2020 پێشکەشی کرد، پلەیەک سەرکەوتووە و بە کۆکردنەوەی 1647خاڵ، لە پلەی چوارەم دێت. سەبارەت بە ڕیزبەندی هەڵبژاردەکانی کیشوەری ئاسیاش، هەڵبژاردەی ئێران، بە کۆکردنەوەی (1516خاڵ) لە پلەی یەکەم ئاسیا وپلەی 21جیهان دێت. هەڵبژاردەی عێراق دوای بردنەوەی نازناوی پاڵەوانیەتی دۆستانەی بەسڕە، چوار پلە سەرکەوت و ئێستا لە پلەی 76 ڕیزبەندی جیهان دێت و خاوەنی 1319خاڵە، لەسەر ئاستی ئاسیاش لەپلەی 9 دێت.

ڕیزبەندی دە باشترین هەڵبژاردەی یەکەمی جیهانیش، بەم شێوەی لای خوارەوەیە:

1- هەڵبژاردەی بەڵژیکا: بە کۆکردنەوەی (1737) خاڵ.
2- هەڵبژاردەی فەرەنسا: بە کۆکردنەوەی (1734) خاڵ.
3- هەڵبژاردەی بەرازیل: بە کۆکردنەوەی (1676) خاڵ.

ڕەمزی میرەکانی




ناپۆلی

لۆرینزۆ بۆ یارییەکەی ئارسنال ئامادە دەکات

هاوکات لەگەڵ ئەوەی لۆرینزۆ ئینسینی بەڕەو چاکبوونەوە دەچێت، یانەی ناپۆلی دەیەوێت ئەو یاریزانە بۆ یارییەکەی ئارسنال تەواو ئامادەبێت.

یانەی ناپۆلی ئیتالی لە پەیجی فەرمی خۆی هەواداراني دڵنیا کردەوە کە ئێستا لۆرینزۆ لە پێکانەکەی چاک بۆتەوە، هەورەها ئەوەشی ڕاگەیاندووە کە ئەو یاریزانە بۆ یارییەکەی بەرامبەر ئارسنال تەواو ئامادەبێت کە 5شەمەی داهاتوو لە خولی ئەورووپی لەیاریگای ئیمارات ڕووبەرووی یەکتر دەبنەوە.



لەکاتی ئامادەکردن و دیزاینی لاپەڕەی وەرزش

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Sun, 7. Apr. 2019 No: (5725)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر



وێنەی یادگاری تەواوی ستافی ڕۆژنامەی خەبات لەگەڵ ڕێزداران (فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسی و مەحموود محەممەد بەرپرسی دەزگای ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری) لە مەراسیمی یادی 60 ساڵەی بە ئاشکرا دەرچوونیدا (پێنج شەممە- 2019/4/4) (فۆتۆ: کەمال ئاکرەیی)









60 تابلۆ لە 60مین ساڵڕۆژی بە ئاشکرا دەرچوونی یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی «خەبات»

ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی 2019/4/4 لە هۆڵی ڕاگەیاندن لەنێو دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بەبۆنەی 60مین ساڵڕۆژی بە ئاشکرادەرچوونی یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی خەبات و لە ڕێوڕەسمێکی شایستەدا بە ئامادەبوونی بەڕێز فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و د. بەشیر خەلیل حەداد جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و ژمارەیەک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی و پەرلەمانتاران و بەرپرسانی حزبی و حکومی و ژمارەیەکی بەرچاوی نووسەر و ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنووس و میدیاکاران، پێشانگایەکی دیکیۆمێنتاری کرایەوە، کە خۆی لە نمایشکردنی 60 تابلۆی دیکیۆمێنتاری لاپەڕەکانی یەکەمی ئەو ژمارانەی ڕۆژنامەی برایەتی و خەبات دەبینیەوە، کە بەشێکن لەنێو ئەو کتێبەی بەناوی (خەبات.. تۆماری خەباتی نەتەوەیەکە) بەم یادەوە چاپ و بڵاوکرایەوە، تێیدا گوزارشت لە قۆناغە جیاجیاکانی ڕۆژنامەی برایەتی و خەبات دەکرد، تابلۆکانیش بەسەر ئەو سەردەمە جیاوازانەدا دابەش ببوون کە خەبات و برایەتی لە شاخ و لە شار وەشانی کردبوون.